# مرۆڤ بوون

## خەرمانێك لە وتە

نوسینی

ئازاد پێنجوێنی

چاپی یەکەم

٢٠٢٣

- **ناوی کتێب: مرۆڤ بوون**
- **بابەت: خەرمانێك لە وتە**
- **نووسینی: ئازاد پێنجوێنی**
- **دیزاینی بەرگ : هێمن جمال**
- **تایپ: کۆمپیوتەری بانوو**
- **هەڵەچـن : نووسەر**
- **چاپخانە: لە چاپخانەی (               ) لە چاپ دراوە .**
- **ساڵی چاپ: ٢٠٢٣– سلێمانی.**
- **تیراژ : ٥٠٠ دانە**
- **چاپی : یەکەم**
- **نرخ : ٢٠٠٠ دینار**

**لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (               ) ی ساڵی ٢٠٢٣ ی پێدراوە**

## بڕیارێکی هەستیارو گرنگ . . . .

ئەم پەرتوکە هەموو مرۆڤێک دەتوانێت بیخوێنێتەوە . . . بەڵام ناتوانن بڵێن
پێشکەش بە ئێمەی بکە چونکە نایکەم
بەڵکو پێشکەشی دەکەم بەو مرۆڤەی کە . . .

دڵم .........دەبات بۆ ..........شوێن پێیەکانی ............وە ............

خەمەکانم دەکاتە ........ ئەختەری ........ درەوشاوەی ......... ئاسمانی شەوی

تار ........ تەنهاو ........... تەنها ......... بەو ...... بەڵێ تەنها ...... بەو

هەندێکمان بۆ گەیشتن بە گوڵێک، باخچەکەی تەمەنی خۆمان وشککرد
هەندێکمان مانگ فریوی داین و ئەستێرەکەی دڵی خۆمان کوژاندەوە
هەندێکی ترمان، لە داخی ساردو سڕی ئەم سەردەمە، ئاگری تەنیاییمان داگیرساند .

ئازاد پێنجوێنی نوسەرەوەی سەرە پارچەکانی تەمەن ، بۆ رابردوو ئەنوسێت بە ئیاهامەوە بۆ داهاتووە ئەڕوانێت .

ئەکرێ ئەمە پرسیارە راستەقینەکە بێ سینەماکارێک یان ئەکتەرێکی ناسراو ئێستا سەرەپارچە نەبینراوەکان دەنوسێتەوە ئەو پرسیارانە ئەوروژێنێت کە زۆریان وەڵامی پرسیارێکی ترن خەیاڵ لای ئەو بەهایەکی ئەوتۆیان نیە بە پێچەوانەوە رابردوو لەئێستادا لە قاڵب دەداتەوەو بۆ ئایندەش سەمایەکی «زۆربایانە »دەکات .

بالەبابەتەکە دورنەکەوینەوە بزانین ئەم کۆپەڕەی پێی ئاشنادەبین کۆپەڕەکە لە چ ژانەرێکە .

ئازاد ئازادانە بەهەردوودەست لەدەرگای زەمەن دەدات جارێکی تر دەوروبەر دێنێتە ووتن. نەترسانە بەسەر باڵی نێرگزوگوڵ و مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەر و بێگیانە کاندا بانە و بان دەکات چاونەترسانە و ئازادانە تێکست بۆ ژیان و ژینگە دۆستی دەچرێت.

ئەو دەیەوێت ووتەکاری « مەوقولە » ی عەرەبەکان یان «فیتباک » ی ئینگلیزەکان ئاوا دەنوسێت لەگەڵ تێکەڵ بە چەند تێکستێکی شیعر ئاسا کە هەڵێنجاوی شعورکردنێتی بە مرۆڤ بوون و ئەیەوێ بەمرۆڤ بڵێ ئاوهابن

دەیەوێت ئەو قسانەبکات کەمەرجنیە لە ژیانی ئەودا ڕوی دابێت یان دەشێت هەر نەشی بیستبێت یان دەشێ هەمووی بوبێت بەڵام بەبێ ترس بێ چەتر بەژێر بارانە

خورەکەی معریفەدا ڕێدەکات و ژیان بۆ ژیاندارەکان دەنوسیێتەوە رایان دەسپێرێت کەسروشت و مرۆڤتان خۆش بویّ نەبا رەشەبای نەزانی شەویّک دیّوەزمەی ناڕۆشنی کتێبخانەی ماڵەکانتان لەبەرچاو ڕەشبکات .

ئیدی کەستان کتێب هاوەڵتان نەبیّ .

ئەم نوسینانە لە خێزانێکی ریزکاری لە دایک دەبێت ئەوەندەسادەیە لەم دیوەوە سەیری کەی ئەو دیوی دیارەو نوسینەکانی دیارە .

دەلاقەیەکی وای کۆمەڵگای پیشان داوە بەئاستەم ئەتوانین خۆمان لە بەرد جیابکەینەوە ، ئەگەر سەیری ڕووە ژیان دۆستیەکەی بکەین وەک تەرزی مێو خۆی داوە بەسەر حەوشەو ماڵی مرۆڤ دۆستیدا.

سەیرنیە ئەگەر بلّێین ئازاد پێنجوێنی ئازادانە جاڕی مرۆڤ دۆستی دەدات لە جیاتی مرۆڤ سەنتەری ، جاڕی ژینگەدۆستی ئەدات لەجێی ژینگە پاریّزی ، ئازاد پێنجوێنی مرۆڤ ئالودەی بۆنی گەردون دەکات . ئەیەویّ مرۆڤ خۆی بیّت نەک کارەکتەرێکی مەعنەوی .

لەناو تێکستە شعریەکانیدا زەوی هەمیشە سازە بۆ نویّ بوونەوە ، زەوی و مرۆڤ هاوەڵن .

ئەکریّ ئەم کۆپەڕەی ئێوەی قەدر گران دەیخوێننەوە تێرتان نەکات بەقەد ئەوەی بە هێزی مەنتیق بۆی بڕوانین نەک وەک ئەوەی بەپلەبەندی بۆی بڕوانین .

کەواتە دەبیّ بلّێین مرۆڤ بۆ مرۆڤ بوون .... نەک بۆ بەهەدەردانی گەردوون .

بەرهەم کاکەزاڵ
کوردستان

لەزاری نوسەرەوە

# ئەوەندە بەسە کە مرۆڤ بین

١. مەحمود دەروێش گەورە شاعیری عەرەب گێڕایەوە کەمندالْ بوین دایکم هەمو ڕۆژێک بەدەم پێکەنینەوە نانی پێدەداین دەروێشی شاعیر دەڵێ . نیوەڕۆیەک لەسەرسفرەکە دایکم گریا منیش وتم تەواو ئیتر لە برسا دەمرین . محمود گەورەبو دایکی بۆهەتاهەتایە ژێر بویەوە شیعرەکانی کوڕەکەی بوە خۆراکی ئەندێشەی مرۆڤایەتی کەس لەبرسا نەمرد ڕۆحی دەروێشیش بەنەمری مایەوە

٢. دکتۆر ، ئەنتوان چیخەڤ باڤلۆفیچ ، ئێوارەیەک لەنێو عیادەکەی دانیشتبو لەدرزی پەنجەرەی عیادەکەیەوە بای نەسیم ژورەکەی تەنی بو ، ئەنتوان هەستی بەئارامیەکی لەڕادەبەدەر دەکرد بەهێواشی بەرەو لای پەنجەرەی ژورەکەی ڕۆشت سەیری دەرەوەی کرد ڕەشەبایەکی بەهێزە سەرنجیدا ڕۆشتنی ئەو خەڵکە ئاسایی نیە ئنجا زانی ئەوخەڵکە نەخۆشن هەردووتاکی پەنجەرەکەی بەخێرایی داخست لەبەرخۆیەوە وتی ،، لەلای من بای نەسیم لەدەریشەوە باهۆز کەوایە پیاوی باش بیربکەوە ئەمانە پێویستیان بەتۆیە لەدەرەوەی ئەم عیادەیە نەک لەناوەوە . ئیدی چیخەڤ بۆهەتاهەتایە قفڵی لەدەرگای عیادەکەی داو ، باخی گێلاس و ، لالۆڤانیا و، کەمانچە ژەنی ، وەک دەرمان بەخەڵکیدا و هەموان لەسایەییدا چاک بونەوە تاکۆتایی دونیا ئەنتوان بوە پزیشکی ئارامی ئەندێشەی مرۆڤایەتی ،

٣. ئـۆمەر کۆسـتاریکە ، دەرهێـنەری سـینەمایی بەناوبـانگی ئەرجەنتینـی دەیـوت ئاسـاییە لەدیمەنـی دروست کردنـی فیلمێکم دا کـارەکتەرێکم لەژێـر خاکـدابێ و پیـاوێکی بەسـاڵاچوی بەئەزمون لەژەنینـی مۆزیـک بهێـنمە کـادری گۆڕسـتانەکەوە مۆزیکـایەکی ئـارام بژەنێت و بەهۆکـاری ئەومـۆزیکە کـارەکتەرەکەم زینـدوبێتەوە ئەی گوایە مۆزیـک خۆراکی ڕۆحـی نیە .هەرواشی کـرد لەفیلمێکیـدا ئەودیـمەنەی بەرجەسـتەکرد دوای پرسـیاری ئەوگـرتەیە لەلایەن ڕەخـنە گـرانەوە کۆسـتاریکە وتی ،ئەی بۆحەزرەتی عیسا زیندوبوەوە من لەوبـڕوایەدام ، مۆزیـک ، سروشت ، ڕۆح بخـاتەوە ناولاشـەی ساردوسـڕ ،، ئـاخر خـودا ڕۆحـی ئینـسانی دروسـت نەکردوە بۆئەوەی مات ومەلول بێت حەزرەتـیش لەڕۆحـی پیـرۆزیەوە دەشێت بـای نەسیم ئـاسمان یـاخود ئـاوازێکی نـامۆی هەورەکـان ڕۆحـی تەنـی بێت ودوبـارە زیندوبوبێتەوە .

٤. نوسەرو نواندن کارێکیش هەیە .کوڕی ئەکرەم ناوێکە لەخێڵی بـارام لەپێنجوێنی هەمیشە زامدار لەدایک بوە بۆیە پێی دەڵێن ئـازاد پێنجوێنی ئەم ئـازادە ئێستا لەژیانـــدا مـــاوە بەڵام هەمیـــشە بەکەلەپـــچە کـــراوی دەژی و لەنائـازادیـــدا هەناسەدەدات کەچی دڵـی خۆشەو بێ هیوانیە، لێیان پرسیبو بۆچی بـێ هیوانیت خۆ بەحـساب تـۆ لەدۆزەخـدایت ؟لەوەڵامـدا وتبـوی بەڵـێ ئێـوە ڕاسـت دەکەن لە دۆزەخێکدا دەژیـم هەمـو بەهـا جوانەکـان ڕۆژانە گڕدەگرێت و هەنگاوەکـان بەرەو عەدەم دەڕۆن ڕاســتی لەڕەگەوە دەرهــاتوەو درۆ لەجــێگەی دەچێنرێــت ، لەم بــازاڕی عەترفرۆشـانەدا ڕەواجـی بـۆن خۆشـی عەتـر نەمـاوە چـونکە زۆربەی مرۆڤەکان بۆنی مرۆڤ بونیان لێنایەت تـاوەکو بگـات بەخۆشی بـۆنی عەترێک ، ئـاخر نـاهەقی تـابینە قـاقـا هـاتوەو ڕۆژانە دەبیـنم دڵـی زۆربەی مرۆڤەکـان چ خەراباتێکە ناوشیاری بـاڵی کێشاوە بەسەر وڵاتـدا خەڵکی پـارە سەرف نـاکـات پـارە سـەرفی دەکـات کەچـی لەم هەمـو ئـافـات و بـێ ویـژدانیەدا هێشتا خەڵکی

نایانەوێ مرۆڤ بن ،هەموئەوانە ڕێگرنەبوون لەبەردەم مرۆڤ بونمدا و نەتوانراوە پەرتوک لەباوەشم وەرگیرێتەوە و عەقڵم بسوتێنرێت بۆیە دڵ خۆشم جگە لەوەش هێزی ووشەو ڕستەی نێو پەرتوکە کە ئارامی داوە بەڕۆحم . هێشتا ماوم مادام کتێب ناسم و دەینێم بەسەر سنگمەوە و ووشەکانی دەخەمە ناوچاومەوە وەهێزم تێدا ماوە تا بتوانم لەخۆمدا بژیم بۆ ئێوە بەمەرجێ بەربەست دروست نەکەن بۆ ئەو هەوایەی وەک نەسیم دەیدات لەهەناسەکانم یا بەربەستیش دروست کەن من هەرهەنگاو بەرەو هیوادەنێم تادەچم بۆلای هیوا. ئەو ، ئازد پێنجوێنیەی ، کەلەسەرەوە ئاماژەم پێدا نازانم باوکم و پێناسەکەم دەڵێن مانگی ٧ لەدایک بویت دایکی ڕەحمەتیم دەیوت هەموندالەکانم لەتەک نەرمە باو شکۆڤەی گوڵی بەهاردا لەمانگی ٤ لەدایک بوون ..بەڵام بۆخۆم دەڵێم هی ئەم زەمەنە نیم پێدەچێ لەسەدەی ١٩ یا سەرەتای سەدەی ٢٠ ڕۆحم کاری بۆکرابێ بەوەدا دەزانم هیچ دڵم بەم سەدەیە خۆش نەبوە ڕۆحم داوای هەرئەوسەردەمانەی زوودەکات بۆیە هەمیشە غەمبارم ، ئاخر لەم جیهانە پڕلەڕوناکیەدا تەنها ئێمەین سەرقاڵین بەتاریکیەوە ، من گەرەکم نیە ئەوتاریکیە قبوڵ بکەم بەدوای تروسکاییدا دەگەڕێم .بەڵێ ئەم سەدەیە ژیان لایلۆنیە و ویژدان وەک تروزی تاڵە ڕۆحیش بەهێواشی دەمرێت . زۆربەی مرۆڤەکانیشی لەبێوەفای و ئیرەیی و نەزانیدا لەبازنەیەکدا سەرگەردانو گێژ گێژ دەخولێنەوە بەدەوری خۆیاندا و باران ناناسن هەرئەوەشە بەهێواشی بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن بێ ئەوەی مرۆڤ بن دەبن بەتۆز منیش لەژێر باراندام و هەمو چرکەیەک هەڵدەوەرێم بێ پەروا لەپەڕاوێکی سپیدا دەبمەوە بەووشە چونکە دەمەوێ مرۆڤ بم

٥. به چیەوە دەنازی خودا تۆی ناردوە سێو بگریت کەچی بەهێت گرتوە ، پیاوی ناوئاوێنەکە بەخۆی وادەوت ئەم دێرە تنها لەحەزرەتێک دەوەشێتەوە

کەخاوەنی لەناکەس کاریە خاکم بەسەر ڕۆیی بەبا عومرم ، ە ئای مەحوی ڕۆحت ئاوێنەیەک بو بۆ گەردون چەند وەک بایەکی هەمیشە نەسیم بەناوماندا دێیت ودەڕوی بۆ ئەبەد بویت بە لالە بۆخۆت وعالەم کەوایە ئێمە لەچاو حەزرەتدا لەئاوێنەشدا دیارنین ئیدی چۆن دەبێ بەخۆمانەوە بنازین دەبێت تنها بە مرۆڤ بونمانەوە بنازین ،

٦. شاعیرێکیش هەیە بەرد دەگرنە دڵی ،کەچی لەدڵیدا نەرمیان دەکاتەوە بۆیە دەبوایە ناوی بای نەسیم بوایە ،، بەڵام ناویان ناوە ، عەلی پێنجوێنی ، عەلی دەڵێ ، ئەوەندە بەرد گیراوەتە دڵم گەر بگیرایەتە گڵۆپەکانی شار ئێستا چاو چاوی نەدەبینی ، خەڵکی دەیانەوێ دڵی بەرەو تاریکایی ببەن کەچی ئەندێشەی ئەوەندە ڕوناکە ووشەکانی پرتەقاڵی و شیعرەکانیشی وەک شەبەنگی ئاسمانە هەرزوو بەردەکانی ناودڵی لەقاڵبی پەیڤو وشیاریدا دەکاتە قەسیدەو دەیبەخشێتەوە چاوەکانیشی هەمیشە پڕلەگریان بۆدڵ ڕەقی ئەوخەڵکە . کەبۆ نایانەوێ مرۆڤ بن .

٧. شەریعەتی بای نەسیمی ڕاسپارد حیکمەتێکی ناودڵی بەسەرزەویدا بۆبڵاو بکاتەوە . دەیوت ،، ئاینێک نەتوانێ لەم دونیا خۆشبەختمانکا ڕاست ناکات لەودونیا بڵێ خۆشبەتان دەکەم ،شەریعەتی ڕاستی دەکرد .بیروباوەڕێ ئەم دونیا ناشیرین بکات دڵنیام ئەودونیا جوان ناکات گریان ودۆزەخیش دەبێتە پیشەی تاهەتایی .بەدەست واعیزەکانی ئەم دونیامانەوە .

٨. سازەکەی لەسەریدا شکاند ڕوخساری پاکی خوێنی لێدەچۆڕا گەنجێکی سەرخۆش هەستا بەم کارە بۆ بەیانی ڕا ، بایەزیدی بەستامی ، چوە بەردەم ماڵی گەنجەکە پێی وت ،. ئەی گەنج ئەو سازە چەندت پێداوە گەنجەکە سەری شۆڕ کرد . پەنجا درهەمم پێداوە بایەزید پارەکەی پێدایەوەو پێی وت من دەمو چاوم چاک دەبێتەوە بەڵام لەوانەیە تۆسازەکەت بۆنەکڕێتەوە ،گەنجەکە توشی

شۆک بو بەبایەزیدی وت ، واتــای چی ئەم هەموشەرمەزاریە ئەدەیت بەسەرمندا من دەموچاوی تۆم کرد بەخوێن .بەڵێ بایەزیدی .عارف وخوانــاس ، کتێب نـاس شـەیدای بــاران ئــاوا بیــری دەکردەوەبــۆیە خــودای گەورە لەخەونــی بەســتامیدا دەفەرموێت هەمودونیا شتی لەمن دەویٚ تنها بایەزید نەبیٚ خۆمی دەوێت .

٩. ئەوەی دەڵــیٚ عیــشق نەمــاوە بەهەڵەدا چــوە مــادام ژیــان هەناسـەی مرۆڤــایەتی تێداماوە کەواتە عیــشق مــاوە ئەی ئەوەنیە ، باخچەکــان لەجۆگەلەی ڕۆحیانـدا سڵ لەوشـکە ســاڵی نــاکەنەوە هەمــوو ژوانێــک تینویەتیــان دەشکیٚ بەفرمێــسکە بارانی چاوی عاشقان.

چیرۆکێکی ڕاستەقینەی ژنێکی مەعشوق کەلە گونـدێکی نزیـک شـارباژێڕ ڕویـداوە بە فرمێسکە بارانی چاوەکانی نامەیەک پڕدەکات لەوشەی زێڕین و دەینێـریٚ بـۆ پیاوێـک کەشەیدای بوە نامەکە بەم جۆرەبوە ،،، هەمیشە بەرەو لای تـۆدێم تـا لەڕێگـای تـۆوە هەمو دونیا بۆلای من بیٚن . لە چاوەڕوانیم بـۆ گەیـشتن بەژیـان ئێـستا ناتـاوێکی تـر دەردەکەویت هەرکات دەرکەویت ژیانیش دەردەکەوێت تکـات لێدەکەم زوو دەرکەوە ئەی مانگی تـابانم ، ئارامی دڵ سوکنایی ڕۆح ڕۆشنـایی ڕوانیـنم بـابەهۆی دەرکەوتـنتەوە بەبینینـی هەموشتێکی ئەم سەرزەمینە دڵـشاد بـبم دەرکەوە تــا بتوانم بە دەرکەوتنت دڵخۆشی باڵندەکانیش ببینم من لەیـادمە کاتێک سەردانی شارم دەکـرد لەگەڵ بـاوکی کـۆچ کردومـدا بەبەردەم دوکــانی میوە ڤرۆشـەکاندا ئێـوارانی زسـتانو پـایز دەم بینـی گلۆپێکیــان بەوایەر شـۆڕکردبووەوە بۆسـەر میوەکــان ...هەمـولایەکی میوەکــان شـەوقیان گرتبوە خۆیان .ئەوەندەی تر ڕەنگیان جوانتر دەینوانـد . تـۆش کەدەردەکەویت سیمای هەموڕەنگەکانیـت .بـۆیەک ڕەنگـیم ئــاخر ئەوانەی واتــای عیـشق نــازانن دەڵــێن ئەم سـەردەمە سـەردەمی عیـشقی کـۆنکرێتیە دەزانـی بـۆ وادەڵـێن چـونکە بــاران نانـاسـن تۆبڕوانە بوکە بەبارانیٚ تەمەنا دەکات لەنێو ملیۆنەها تکەی بارانـدا تەواوی گیـانی بیٚ گیانی تەڕتەڕ ببێت کەچی ئەوانە ناشتوانن ببنە بـوکە بەبـارانیٚ بۆیە عیشق بیٚ

وجوده لەنەبونی خۆیاندا دەرکەوە با ئەوینم وەک باڵی پەپولەو تۆوی لۆکەو ڕێگای تیوارت پێ ئاشنا بکەم دەرکەوە تابتوانم بۆهەمیشە دەرکەوتوبم لەبینین و بونی خۆمدا .ئەی ئەوەنیە هەموچرکەیەک بەتۆ دەڵێم توخوا دەرکەوە چونکە لەهەڵاتنی خۆر جوانتر دەردەکەویت کەئاواش دەبیت جیناتی خۆت دەگۆڕیت بۆمانگ . دەرکەوە پادشای بیروهۆش و مانەوەی ئەبەدیم .دەرکەوە بالەناو قوڵایی عیشقتا بەپێوە بمرم پەیامەکە گەیشتە دەست کورەکە لەکەشێکی باراناویدا یەکیان بینی ..کورەکە دەستەکانی ماچ کردو پێی وت هۆکاری ئەم هەمو ووشە جونانە چیە لەم نامەیەتدا کەبەخوێندنەوەی دەفڕیم بەرەو ئاسمان و مرۆڤ بونی خۆمم بینی ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە کەکتێب دەناسێت و شەیدای بارانە زەردەخەنەیەکی بۆپیاوەکە کردو چاوەکانی بێ تروکاندن بڕیە چاوەکانی.

پیاوەکە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو پێی ووت ،،،،،،،، هەرئەوەندە بەسە بۆتۆ کەلەبای نەسیم دەکەیت ئەوەندەش بەسە بۆمن کەمرۆڤ بم .

هاوین ،،،،،، بەرگی ئازاد پێنجوێنی . . . ه

زستان ،،،،، هەڵوەرینی ووشەکانی ئەندێشەیەتی  بۆسەر پەڕاوێکی سپی .

پایز ،،،،، هەڵوەرینی خۆیەتی لەگەڵ پەڕەی گوڵەکاندا و دەیەوێ ببێتە باران بۆ مرۆڤایەتی.

بەهار ،،گەڕانیەتی بەدوای زەردەخەنەکانیدا لەگەڵ هاتن و کۆتایی گوڵە نێرگزدا.

هەرچوار وەرزەکەش  ،، پەرتوک و هیواو نوسین و باران و خەم ، هاوڕێیەتی.

ڤیان پێنجوێنی

**هونەرمەندی ڕاستەقینە**

**دوو دڵە . . . بیردەکاتەوەو گومانی لە خۆی هەیە**

**بۆیە بێ دوو دڵی ڕاستەقینەیە**

**نا هونەرمەندیش**

**گومانی لە خۆی نییەو متمانەی بە خۆی هەیە**

**بۆیە هەمیشە گوماناویی و هونەرەکەی بێ متمانەیە**

* * *

**ئەی گوڵ . . . ئەگەر تۆ لە ژیاندا بونت نەبوایە**

**ئەوا هەموو شوێنی خاکەکەت دەکرا بە ئاپارتمانێکی بەرزو**

**مرۆڤ ڕق و کینەی تیادا دەشاردەوە**

* * *

**لەم زەمەنی بۆنی عەترە**

**بۆن خۆشی نەماوە . . . عەتر**

**لەم بازاڕی بۆنی عەترە**

**ڕەواجی هەرزانە . . . عەتر**

* * *

ئەو باڵندەیەی کە لەسەر چڵی گوڵێك بە تامەزرۆییەوە بۆ ژیان دەخوێنێ
ئاگاداریەکە بۆ مرۆڤـ کە بە عیشقەوە بۆ ژیان پێ بکەنێ نەك بە ڕقەوە بۆ مانەوە بگری

* * *

کە یادی سیمای جوانی شارم دەکەمەوە
بۆ هەمیشە نێرگزم بیردەکەوێتەوە
نێرگز بۆنی خۆی دەڕژێ بەشارداو
سلێمانیش خاکی خۆی پێشکەش
بە نێرگز تا خونچە بکات
بۆیە سلێمانی نەبێ بۆنەو نەبێ خاك
نەبێ هیواو نەبێ باك

* * *

ئەم دڵە پێی خۆشە دڵی ڕابگرن
ئەوەتا لە تەنهاییدا سڕبووە ، وەك تەنهایی خۆم کە بیرم نەماوە خۆم کێم . .

* * *

هەرکات مرۆڤ بە باشی گوێی بۆ بێدەنگی خۆی ڕاگرت
ئەوا بە باشی دەتوانێ قسە بۆ هەزاران کەس بکات
بێ ئەوەی هەڵەیەك بکات

* * *

بەنەفرەت بیت . . . چیت داوە لە هونەر
لەم وڵاتە بێ قەدرەدا . . . خۆزگە بەقاڵێك دەبویت بەس نەبوو دەبویتە
خاوەنی چەندین سندوقی بەتاڵی تەماتەو
بایی سندوقەکان قەدریان دەگرتی

* * *

کە ئێوارەم لێ دێ باوەش دەگرمەوە بۆ ڕێگایەکی تەنیا سڵ لە هەموو هەنگاوەکانم دەکەمەوە کە بەرەو تاریکی زیاترم ببات تەنهاییەك کە هیچ ڕێگایەك ناتوانێ ئیرەیی بەو تەنهاییەی من ببات.

* * *

یەکێك لەو هۆکارانەی کە ناهێڵێ لە هەموو شتێك یاخی ببم بینینی گوڵە . . . گوڵ

* * *

من لەبەر یەك شت جگەرە تەرك ناکەم
هەر کەسێك خراپ بوو وەك دووکەڵەکەی بەبای دەکەم

* * *

بە عیشقەوە دێتە خوارێ لە ئاسمان . . .
تینویەتی زەوی دەشکێنێ . . . نمەی باران
بە ڕقەوە دێتە خوارێ لە ڕوخسار زەوی تینوتر دەکا لە ئارەقەی شەرمەندەی . . خۆفرۆشان .

* * *

تەنهایی . . .
تا لێی نزیك ببیتەوە زیاتر هەست بە گەورەبونت دەکەیت . . . ناتەنهایی . . . تاکو زیاتر لێی دوور بیت زیاتر هەست بە بونت دەکەیت .

* * *

ئەی مرۆڤـ ، گەر میهرەبان بیت وەك پەپوولە عاشقانە بەرەو گوڵ بڕۆیت
دڵنیابە لە زمانی گوڵ دەگەیت .

* * *

جاران هاوڕێ لەپێناوتا خۆی دەکوشت . . .
ئێستا لە پێناوتا خەڵك دەکوژێ . . .
بۆ ئەوەی تا هەتایە خۆی و تۆش بکوژێ . . .

* * *

ڕابوردوو بەندیخانەی حەزم بوو ملکەچی کردم بە ئازار
ئەو دڵەم خراپ لێی دەدا گیانیشم شەقار شەقار
نە ڕۆح سوکنایی دەدامێ نە چاوم دەچوە ژێربار
ئەو هەموو ساڵەم بەباچوو خەم پێوەی دام وەك ڕەش مار

* * *

زۆر کەسمان هەبوو لە ڕابوردودا کەمێ شعور دار
لەناکاوێکدا ناویان لەخۆنا شاعیری ئەزموندار
ئای چەندە گێل بوون قوڕیان کرد بەسەر هەست و نەستیاندا
ئەو کەمەش نەما لەنێو خەڵکیدا بونە شەرمەزار

* * *

چ سەردەمێکی گەوجانەیە
بیردەکەیتەوە ئازار دەدرێیت
داهێنان دەکەیت زیندانی دەکرێیت
دەیزانی پشت گوێ دەخرێیت
هەموویم قبوڵە
من کە ناتوانم بەبێ بیرکردنەوەو داهێنان و نەزانی . . . .بژیم.

* * *

گورگ . . .
بۆ ڕازیکردنی بەرامبەریان نەرمی نانوێنن و سروشتی پێکهاتەیان ناگۆڕن
دەنگی ترس و دڕندەییان هەربەو جۆرەیە کە بەکاری دێنن نواندن ناکەن . . .
زۆر مرۆڤیشمان هەیە سروشتیان گورگە . . .
خۆزگە وەك گورگیش ڕاستگۆ بونایە نواندنیان . . .

* * *

لە چونت بۆ مەیخانەکان عەقڵت کردۆتە زیندانی
ڕۆحیشت هەردەم بیٚ ئاگا لە ئەوین و میهرو ڕازی
تەنها چاوت لەبادەیەو دڵت لەنیٚو بەزەیی ساقی
لاشەیەکی شل و شیٚواو نات بیٚ سەوداسەری باقی

* * *

چەندە بەختەوەرم نازانم چەك بەکاربهیٚنم
دەستیشم چەقۆ و خەنجەر ناناسیٚ
بەڵام بۆ لەناوبردنی دوژمنانم تەنها چەکیٚك کە بەکاری بیٚنم . . . دڵخۆش بوونە .

* * *

نازو عیشوەو هاواری چەشنی میٚخی خاچە
لە نەرمیدا خەرمانیٚك هیوا
لە چابوکیدا وەك نەڕەی شیٚرە
تابلۆیەکی بەناوبانگە میسلی جۆکەند
وەك ئەڵماس هەموو شویٚنیٚك دەبڕیٚ
لە هەناوی عیشقیدا بۆ ژیان بیٚ ویٚنەیە . . . هەقیقەت

* * *

باشترە خەون و خەیاڵت بێ هودە بێ لە ڕەواجدا
نەك عیلم و زانینت بێ ڕەواج و هەموو شتێك بدەیت بە هەوادا.

* * *

هەر مرۆڤێك لە ژیانیدا هاوشێوەی خۆی بۆی دانراوە
خۆشەویستەکەی خۆی
ساڵانێکی زۆر بەدوایدا دەگەڕێ تا ببێتە خۆی . . .
کە دۆزیەوە یەك رۆژی پێویستە لەناویدا بزرببێت
تا بۆ هەمیشە ببێت بە خۆی

* * *

ئاواتی دولبەران ! و خونچەی گوڵی بەهار !
رۆشنایی مانگ ! و گڕوتینی هەتاو !
هەوای شنەی شەماڵ ! و سەرزەویمان تەنها !
سروشتی ڕازاوە ! و مەرگیشمان هەروەکو !
چەند جوانە بۆ ! بژین و هەمووومان ببینە !

* * *

کۆمەڵێکی پەیدابوو مەبەستیان دیار
لە دیداری ئەدەب و هونەر هەمیشە نادیار
ژیانیان دیارو ژینیان نادیار
بەهرەیان دیارو ئاواتیان نادیار
بونەتە جەلادی هونەر لە عالەمی دیارو نادیار

* * *

لیٚ بوردەبە . . . .
تا بەڕێز بیت ئاستی بالاٌت
ڕق هەڵمەگرە . . .
نا بەڕێز بیت
ئاستی ژێر پێت

* * *

ئیرەیی
زانینی ڕژانی دڵت بوەستێنە بۆ هەموو کەس
تا نەبیتە نەزان و لەلای گشت ناکەس

* * *

**تامەزرۆییم بۆ ژیان لە لوتکەدایە**

**لە کویٚ بێت . . . لەوێم**

**لەهەر جێگایەکیش نەبوو هەر زوو ئەو جێگایە بەجیٚ دەهێڵم و ....**

**لەویٚ نیم**

* * *

**کاڵفامەکان**

**ئەوانەن . . . کە گوێیان هەیە نایانەویٚ ببیستن**

**چاویان هەیە ناخوێنن**

**دەستیان هەیە پێی نانوسن**

**دڵیان نیە پیٚ ی ڕازین**

**هەمیشەش لە خۆ ڕازین**

* * *

**پیاوی سەرکەوتوو**

**دەبیٚ ژنێکی لەپشتەوە بێت وەك ئەستێرە نەیەت و بڕوات**

**بەڵکو هەمیشە بدرەوشێتەوە بۆی تا بتوانێت بێت و بڕوات**

* * *

ورده ورده
دەغڵو دانت گەر لەسەر بەرد جوت بکەیت
بەرهەمت توانەوەی بەفره
گەر عەقڵت وەگەڕ نەخەیت

*   *   *

ڕێچکەی ژیان یاسای دەورانه
هەر کەس دەورانی خۆی به باشی ئەنجام نەدات
نه ژیانی هەیه نه به پێی یاسا دەجوڵێتەوه
کەواته . . . به زیندویش هەر مردووه

*   *   *

گرنگ نیه دەتەوێ بڵێ ی . . . چی
گرنگ ئەوەیه هەمیشه بخوێنیتەوه
بۆ ئەوەی هەر نەڕێسیت و
بۆ هەموو شتێك بڵێی . . . چی

*   *   *

پێمان خۆشە قەرزاری کەس نەبین
بەڵام هەمیشە قەرزاری کەسێکین کە متمانەی پێ بەخشیوین
بۆیە تا لە ژیاندا بین ئەو قەرزەمان پێ نادرێتەوە

* * *

ماڵێك لاپەڕەکانی کتێبی تێدا نەکرێتەوە
بۆ هەمیشە نسرمەو خۆر لێی نادات

* * *

ڕابوردو . . لەنێو فیلمەکاندا خەڵکی دەکوژرا
ئەوانەی ناو سینەماکە ئەوەندە دڵیان پاك بوو وایان دەزانی ڕاستیە
لە ئێستادا . . . فس فس پاڵەوانەکان هەموو ڕۆژێك ٥ کەس دەکوژن
ئەوەندە دڵمان پیسە وا دەزانین گاڵتیە

* * *

جوانی ڕۆح . . . ئەوینی ڕاستەقینە لە خۆیدا ئاوێتە دەکات
هەر کەسێك ئەویندار بێت . . . ئاوێتەیەکە لە جوانی

* * *

دوێنێت بەجێ بهێڵە سبەینێ با پێش کەویت
ئێستاشت پشتگوێ مەخە با داهاتوو سەرکەویت
ڕابوردوت لەیاد مەکە با هەمیشە نەکەویت

* * *

بۆنی نێرگز چەندە خۆش بێت
بێ سوکنایی لە خۆمدا
بۆنی عارەق چەند ناخۆش بێ سوکنایم دێت لە تۆدا
بۆنم ناوێت بۆ هەناسەم وەری نەگرم لە تۆدا

* * *

ئاساییە بەلامەوە

چاوەڕوانی سالأنێکم بۆ کەسێك بێ بەتاسەوە . . .

نەك ناکەس بێ و لە کەسێکدا نەبێ وەفا هەر نەزانێ و پێنەزانێ

کە بۆ من چاوەڕوانی ئەوم

* * *

گەر رۆشنایی نەبوو . . . لە دڵت

هاوشێوەی حەزرەتی یوسف یا زولێخا جوانی ڕوخسارت

هیچ سودی نیە دڵنیابە . . . جەمالت

* * *

ئای ژیان پێویست ناکا

بۆت بژین

چونکە دەڕۆین

ئای ئامانج

پێویستە لەپێناوتا بمرین چونکە ناڕۆین

* * *

بۆ لێ ناگەڕێن خۆتان بن . . ئەی ئەوە نیە
لەناو زەردەخەنەی درۆینەتاندا فۆتۆکۆپی ڕق دروست دەکەن

* * *

ترۆزی تاڵ هەرچەند ترش و خوێی بکەیت بەسەردا هەر تاڵە
مرۆڤی ناخ پیسیش ڕۆحی هەنگوینی بکەیت بەسەردا هەر ڕەزای تاڵە

* * *

زەمەنێکە ڕۆحم ئارەزوی بای نەسیمێکە بگاتە جێ
تا لەو گوڵ عوزارە بۆم بێنێ بەختێکی باش دەست بەجێ
هەوا هات و بۆنی گوڵ شەن گەیشتە ناخ
هەرگیز ڕۆح نەگەییە کەماڵی بەبەختی جێ

* * *

زۆربەی هەژارەکان ژیرن
بۆیە زۆری ئازار لای ئەوانە
دەوڵەمەندێکم پیٚ بڵێن
گەمژە نەبێت . . .
بۆیە دڵخۆشی بۆ ئەوانە

* * *

ئای لە شەوانی جارانمان
ئاسمان سامالٚ پڕ ئەستێرە
ناخی مرۆڤـ چەشنی ئیشراق
هەروەکو هاوشێوەی مانگ بوو . . .
داخ لە شەوانی ئێستامان
ئاسمان تەڵخو بیٚ ئەستێرە
ناخی مرۆڤـ هەروەك تارەو
دوور لە شەوق و بیٚ ڕەونەقە

* * *

هەر کەسێ خۆشەویستی خودا نەخاتە دڵیەوە
نە دەتوانێ کەسی خۆش بوێت
نەدەتوانێ خۆیشی خۆش بوێت

* * *

ئەی پایزی ڕەنگ زەرد
هەر کەسێك بە خەزانت دەزانێ ئەوا قەرزاری تۆیە
هەر کەسێکیش متمانەی پێ بەخشیویت
ئەوا تۆ سمبولی ئەویت

* * *

زۆر کەس چەشنی تەپڵ فەلسەفە لێدەدەن
کەچی هیچ کات فەلسەفەی بونی خۆیان وەك کەمانچە ناژەنن

* * *

هەر مرۆڤێ
خۆی بناسێ و فەهمی هەبێ لە تێگەیشتنی بونەکان . . . ئەوا عیرفانە
کە زانی لە نەزانینیش دەرچووە ئەوا دەبێتە . . . عارف

* * *

من بۆ نەتەوە نانوسم
با نەڵێن خۆپەرستە
من وەك مرۆڤـ دەنوسم
با بڵێن نەتەوە پەرستە

* * *

دەستەکانی ئاوێزانە بە شکۆفەی گوڵەکانیەوە
دەستێکی لەسەر کەمەری ناسکیەتی
دەستەکەی تری ئامازە بۆ شەقامێکی نەرم و نیان
تا لەوێ بە ئاسانی هەڕاجی نەکەن . . . نێرگز

* * *

لەم وڵاتە دۆزەخەدا
ئاواتەکانمان پێش خۆمان خراونەتە ژێر گڵەوە
هەر ئەوەشە بەدوای هیچ شتێکدا ناگەڕێین . . .
جگە لە ئیرەیی نەبێ

* * *

یادگاری زێد
بەجێ هێشتنی زۆر ئەستەمە
لەوە خراپتر ئولفەتت پێوە گرتبێت و
هەموو چرکەیەك بیری لێ بکەیتەوە
کە بە ناچاری بەجێت هێشتووە

* * *

گەر بتەوێت بزانیت من چی دەخۆم و چی لەبەردەکەم
و چۆن دەژیم و چۆن بڕیار دەدەم
ئەوا باش بزانە تۆ باشترین . . . گەمژەی

* * *

هونەرمەندی لێهاتوو بە ژاوە ژاو بانگەشەی هونەرەکەی ناکات
بەڵکو بە ڕەفتارە هونەریەکانی . . . خەڵکی عاشق ، بە هونەر دەکات

* * *

کاری چاو تەنها بۆ ئەوەیە
نیعمەتەکان لە خۆڵ و خاشاك و پیسی جیابکرێتەوە
دەنا بینینی جوانیەکان کاری ڕۆحە

* * *

ژیان دەرفەتە
مرۆڤـ دەربەستە
ژیان ڕێکەوتە
مرۆڤـ بەربەستە
ژیان و مرۆڤـ
هەردووك . . . سەروەتە

* * *

هاوکێشەی بون بە ئازاد ئازادیە . . .
پەیڕەو کردنی هاوئاهەنگیە لەگەڵ بنەڕەتی ژیاندا . .
ئەو هاوکێشەیە پەیڕەو ناکرێ
بۆیە یاساکان گۆڕاون

* * *

دین و فەلسەفە و زانست
پێوەر نین تاکو بگەیت بە ئیشراق
خۆت بە باشی بناسە ، خوداش دەناسیت

* * *

کە لە تەنیشتم دادەنیشیت وەك شێر بە
کە دەشڕۆیت مەبە بە ڕێوی

* * *

باخی چۆڵ لە پێشوازی گوڵ و دارەکانیدایە . . .
نەوەکو قەرەباڵغی خەڵکی
تەواوی ئەو گوڵ و گەڵاو دارانە بەدوو کەسی عاشق سەرمەست دەبن
نەك حەشاماتێك کە تەنگ بە گوڵەکانیان هەڵدەچن و سەرمەستی بێ هۆشین

* * *

ساباتی ئەرخەوانی و شێوەی ڕوخساری ووشە بۆ ڕوماڵی موحیبەت
تەنها گوڵ باران کردنیەتی تا هەمیشە نەمربێت . . . عیشق

* * *

تۆ دەبێ فێر ببیت . . .
ئاوێنەی زەینت تەڵخ نەکەیت . . . .
ئینجا دەتوانیت بڕوانیت بۆ ڕوناکی

* * *

لەنێو شوشە درز بردووەکانی پەنجەرەی ژوری تەنیایمدا
گوڵە نێرگرزەکان خۆیان ئالاندوەتە خاکی دڵم
پەلکە ڕەنگینەکانی دانە دانە بونەتە یەك پارچە لەبری هەناسە دانم
خۆ ئەگەر بۆن و بەرامیان نەبوایە
لە مێژ بوو درزەکان دەبوونە هەناوی مەرگم

* * *

پایز دێت و چاوەکانم چاوەڕێی چاوی
خەزانە تا خەمەکانمی لەگەڵ گەڵا هەڵوەریوەکاندا بەیەك جاری
هەڵ وەرێنم لەنێو چاوم

* * *

لێرە گەمژەکان مێژووی ژیرەکان دەنوسنەوە
بۆیە بڕوام پێی نیە ... مێژوو

* * *

خەڵکی لەژێر باراندا تەڕ دەبێت
کەچی من هەڵدەوەرێم
ئاخر عاشقی بارانم . . . باران

* * *

باخچەکان لە جۆگەلەی ڕۆحیاندا لە وشکەساڵی سڵ ناکەنەوە
ئەی ئەوە نیە هەموو ڕۆژێ تینوێتیان دەشکێت بە فرمێسک بارانی . . . . عاشقان

* * *

هەر کەسێك لەناو دەریای ئەدەب و هونەردا مەلە بکات
دەبێ هەمیشە بێ داربێت
دەنا لە قەراغی دەریاکەدا هەر زوو دەخنکێت

* * *

شەوە نوستوەکان
کەش و هەوایەکی گەرم بەخەبەر دێنن
دڵم لە شوێنێك گیرساوەتەوەو جەستەم لێ وون بووە
تکایە لەهەر شوێنێك دۆزیتانەوە ئاگادارم بکەنەوە
بۆ ئەوەی . . . دڵ بەخەبەر بێت

* * *

کە ڕادەوەستین بۆ گرتنی وێنەیەکمان
دەبین بە پەیکەرو جوڵە ناکەین تا دوا هەناسەمان
زۆر دەترسین کۆتا وێنەی یادگاری بێ . . . بۆ ئەرشیفی دوای مەرگمان

* * *

هەرگیز بێ هیوا نیم
لەوەی کە خانویەکم هەبێ تیایدا بژیم بە ئارامی
ئاخر بڕیار وایە دوای مەرگم ببمە خاوەنی دوو مەتر زەوی نیشتەجێبوون

* * *

**ئەگەر رێکەوت وازم لە کاری هونەری هێنا**
**پێم خۆشە ببم بە کەناس**
**تا هەرچی خەمی کەڵەکە بوومە**
**ڕای بماڵم و بیخەمە گۆشەیەکی ئەم ژیانەوە**

* * *

**لەبیٚ دەنگیم وامەڕوانن لە زانیندا زۆر هەژار بم**
**تاکە خەونم ئەگەر هەبیٚ بۆ زانینەو پیٚ بزانم تا بۆ ئەبەد هەر . . . زانابم**

* * *

**لە جیهاندا ڕۆژی هەزار کەس دەمرێت و هەزار و یەك لەدایك دەبێت**
**بەڵام لای ئێمە بەم جۆرەیە هەموو ڕۆژێك دەمرین و لەدایك دەبینەوە بۆ دووبارە مردنێکی تر.**

* * *

مرۆڤانێك هەن
توانای . . . پەڕینەوەی پیاوێكی كوێریان نیە
كەچی هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن هەمیشە . . . پیاو بن

* * *

گەر نەزانەكان لێگەڕێن
زانین باڵ دەكێشێ بەسەر تاریكیدا
ئەوكات چرای زانینی ژین بەدەست زاناكانەوە دەبێ و
تاریكی خەم بەدەست نەزانەكانەوە

* * *

جێگرەوەی ئەو كەسانە
كە ناتەوێ هەرگیز لە ڕۆشناییدا بیان بینی
پشتی ئەو عەینەكەیە تا نەزانن
لە ڕوناكی یا تاریكی
كێ دەبینی یا نابینی
كە پێم وایە باشترە لەم ڕۆژەدا كەس نەبینی

* * *

لە دەرەوە کێت بینی ؟
فلاّن و فلاّن وە زۆری تر
ئەی کێت نەبینی ؟
نازانم
چۆن نازانی ، لە دەرەوە هەموانت بینی تەنها
خۆتت نەبینی . . . بۆیە هەرگیز کەس نابینی

* * *

شەقامی سەرەکی هەموان پیایدا گوزەر دەکەن
چەند کەسێکی کەم نەبێ تیایدا هەنگاو دەنێت
بۆیە مێژوو هەنگاوەکان تۆمار دەکات و گوزەرەکانیش . . . فەرامۆش

* * *

چ زەمەنێکی وەیشومەیە . . .
پەپولەی سەربەردەکانی باوەنور لەوەتەی خاوەنەکەیان کۆچی کردووە
بۆنی گوڵەکان نابەن بۆ حەبیبەکەیان لە شارەزور
حەزرەتی نالی لە کوێیت وەرەوە
پەپولەو گوڵ و حەبیبە بەتەنهان دیقیان کرد

* * *

هەر کەس دەڵێ خۆر ئاوا دەبێ
ئەوا خۆی ئاوا دەبێ
خۆری من ئاوا نابێ
خەیاڵمە ئاوا دەبێ

* * *

هەموو باخچەیەك لەپێش کەش کردنی جوانی سروشتەکەیدا
ڕووی سورە
ئەی مرۆڤـ ئەی تۆ بۆ بەناهەق ڕووی خۆت ڕەش دەکەیت
بێ ئەوەی هیچ پێشکەش بکەیت

* * *

ڕەوایە گوڵ لەنێو گوڵدانی جوانی دڵ
تا لەناویا بە ڕەهایی شکۆفەکا خەرمانی گوڵ
گوڵ ئەندامی دڵە بۆ خاوەنی ئەو دڵە
بۆ خۆشی هەر گوڵە بۆیە ڕەوایە دڵ لەناویدا . . .ببێت بە گوڵ

* * *

مێشکی زۆرینە وەستاو وەك ژانە
زۆرێك دەبینین خراپ وێرانە
هاوین وەرزێکەو بێزاربوون ڕەها
بۆیە هەمیشە میوە گەنانە
چەند کەسیٚ نەبیٚ عەقڵی میوانە
هەموو وەرزەکان لەلای خەرمانە

* * *

ژیان دەمان خاتە پێکەنین
ئێمە دەچین بۆی دەگرین
ژیان دەیەویٚ بژین
کەچی ئێمە بۆی دەمرین

* * *

**تکەی زیوینی بارانی**
**سەر گەڵاو گوڵی دارەکان**
**جوانی ژیانن**
**پەنجا ساڵی تەواوە بارانت بۆ دەباریٚ**
**تا ئیٚستا نەوتوانیوە باران بەو جوانیەی کە هەیە**
**بیخەیتە ڕستەی چیرۆکەکانتەوە کەواتە ئازاد بە هیچەوە نەنازیت**

* * *

**هەموو ئیٚوارانیٚك کە دەڕۆمەوە**
**ئەوەندە هەست بە تەنهایی و بیٚکەسی دەکەم**
**دەگەمە نزیکی بەردەرگا سەیر دەکەم . . .**
**خۆمم پیٚ نەماوە**

* * *

گەر سبەینێ کاتژمێر پێنجی ئێوارە
دونیا ئاخر زەمان بێت
پارە پەرستەکان تاوەکو کاتژمێر چوارو پەنجاو چوار دەقیقە
خەریکی پارە پەیدا کردن دەبن
باش بیری لێ بکەنەوە
هەیە لە دونیادا لەمانە سڕتر

* * *

جیاوازی من و تۆ
تۆ لە ٢٤ کاتژمێردا چەندین کاتژمێر خۆت نیت
منیش هەموو چرکەیەك هەوڵ دەدەم هەر خۆمبم نەبم بە تۆ
خاك بە دامانت
دڵ بە خۆت خۆش نەکەیت گوایە بوویت بە خۆت
هەزاران کاتژمێر لە دوای خۆتەوەیت
بۆیە تا کۆتایی مەرگ لەدوای منەوەیت

* * *

عیشق

شیرینترین باوەڕ هێنانە

کە بە خۆت و زەمەنی دەکەیت

* * *

هەنگاوی خێرا بەرەو گەیشتن بۆ دەروازەی سمبولیزم . . .

تەنها ماندوبونی هەنگاوەکانی خۆتە

* * *

سەیر نیە !!

لەم جیهانە پان و بەرینەدا

تەنها بەدیار دوکەڵی جگەرەکەمەوە ڕاماوم

بۆ سەیر بێ ، کە من ڕۆحم تیا نەمابێ

* * *

عاشقان ئەو ساتە وەختەی کە دەمرن
ئەو ساتە وەختەیە کە تیایدا لەدایك دەبن

* * *

ئەوانەی واتای ژیان نازانن
ئەوانەن کە خۆیان هەر ئاوان
وە کاری ڕۆژانەیان تەنها سەیرکردنی
ئاوابوونی خۆرە چونکە خۆیان هەمیشە ئاوان

* * *

سەیرە بەلامەوە بۆ دە دەقیقە ئەم دەمامکە دەبەستم هەناسەم توند دەبێ ، کەچی تێناگەم ئەو خەڵکە بەم ڕۆژگارە دەمامکی درۆ بە ڕوخساریانەوەیە چۆن ناخنکێن . . .

* * *

چەند شورەییە
قەرزاری یەکێك بیت و خۆتی لێ بشاریتەوە
لەوە شورەیی تر قەرزاری نیشتمانەکەت بیت و
هەموو ڕۆژێك خۆتی پیشان بدەیت

* * *

لە خەونمدا دیم . . .
زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتە
بە دیواری نەفامیدا لە خاچ درابوون
لە جەلادەکەم پرسی بە چ تاوانێك
ووتی . . .
بە تاوانی ڕازیبوون و بێدەنگیتان
کە لە بری ئێوە ئێمە ڕۆشنبیر بین

* * *

دەتەوێت
هەموو شتێکت پێ ببەخشرێ
بەڵام هیچ نەبەخشیت
ئەوەش بزانە
کە هیچت پێ نەبەخشراوەو خۆشت نابەخشرێیت

* * *

سلێمانی . . لە پێشودا
شاری هەڵمەت و قوربانی
سلێمانی . . . لە ئێستادا
شاری هەڵبەزو دابەزو هەڵخڵەتێن و هەلپەرست و قوڕمساغ و قومارچی
بەو هەموو کەموو کوڕیەشەوە
هێشتا هەر جوانە

* * *

ئەی ئیشراقی ڕۆح
ئەوە تۆیت بۆ هەمیشە لەو دیوی پەنجەرەکەوە لە مانگ و خۆر دەڕوانیت . .
بە مەرجێ بچوك لەخۆت بڕوانیت و گەورەییت عارف و خۆناس و خواناس .

* * *

چ خەرمانێکە
پەڵە گەنمی لەنێو هەناویدا کۆکردۆتەوەو
بەتین بەتین
دەیرژێنێتە نێو قوڵایی ڕۆحیەوە . . . خاك

* * *

چەندە سروشت پەرستیت
لەناو کۆڕو زیکری گیا
دێنە کڕنوش دەشت و هەرد
تکە تك لە خوناوت
بارینی تۆ هەتوان و بۆن خۆشە ڕوی جەماڵت . . .

* * *

بە ئاگر . . . بە کارەبا . . بە تیزاب . . بە خەنجەر
ئازاری بدە لەشم بەڵام بە بیروباوەڕی مێشکی پوچت ئازاری مەدە . . . عەقڵم

* * *

پیس ڕایمەگرە دڵ
تا ڕوخسارت وەك ڕوخساری مانگ درەوشاوەبێ دوای خۆت لەژێر گڵ
خاوێن ڕایگرە ڕۆح
تا بونت ببێتە سەرسامی و نەمربێ چەشنی گوڵ

* * *

گوڵە جوانەکان
ترس دای گرتوون و سەرەتاتکێیانە
خۆیان دەڵێن دڕکی ژێر خۆمان ئازارمان نادەن
کەچی تاوێکی تر چەند مرۆڤێکی ناخ دڕکاوی
دێن و ملمان هەڵدەکێشن

* * *

شەو نیە خەلاتی چڵە نێرگزی ئاڵتونی
بۆ پێشبڕکێی ئازارو تەنهایی
بەسەر خۆمدا دابەش نەکەم
ئاخر کەس لە خۆم بە شایستەتر نابینم تا ئەو خەلاتەی پێبدەم
بۆیە خاوەنی زۆرترین خەلاتی تەنهایی و ئازارم

* * *

دار دەڵێ  هەزار جاری تر بمبڕنەوە من
هەر سەرقاڵی ژیانم و گەڵاو گوڵی خۆم دەردەکەم . . .
وەك ئێوەی مرۆڤ نیم جارێك زویرتان بکەن
چوار دەورتان دەکەن بە دۆزەخ

* * *

نه ژیان بونی هەیەو نه مردنیش دەست دەکەوێ
ئێرە ولاتی قەدەرەو پیرۆزی و وەفا هەڕاج دەکرێ

* * *

ئای لەم شارە ڕۆشنبیرە
ڕۆشنایی تیا ناڕۆشنە
تاریک بیرو نا ڕۆشنبیر
بۆتە مەهزەلە ڕۆشنبیر
بن دیوارو خاك فرۆش و جاش قەڵەم و بیر تاریکان
ناویان دەنێن ڕوناکبیران
هاتوو هاوار ئەی ڕۆشنبیر
تۆ خەوتوی یان کەوتویە بیر
هونەر نەما کاك ڕۆشنبیر
بۆ بێدەنگی وەك ڕۆشنبیر
بەهرەت دەبا نا ڕۆشنبیر
* * *

چەشنی گوڵ نەرم و نیان و بۆن خۆش و ناخ سپی بە
با ویژدانت بەردەوام لە شکۆڤەدا بن
بۆ ئەوەی هەر کاتێك پەڕەی تەمەنت هەڵوەری
جوانتری بکەیت . . . سەر زەوی

* * *

هێزم لێ بڕا ئەوەندە خۆمم کرد بە قوربانی خەڵکی
کەچی ئەو خەڵکە ئەوەندە بێ وەفان . . .
بە قوڕی بانم دەبن

* * *

گەر گوڵێك نەیبێ بۆنی بۆن خۆشی
تاکە گوڵێکەو وەرینە ژینی
کەسێك تامەزرۆی ئیلهامی بۆن بێ
بۆن خۆشی ژینەو بەتینە بۆنی

* * *

بەدەست گرفتاری ڕەقیب و خەڵکی شوم و بەدکردار
تا کۆتایی مەرگ دەبێ بناڵێنیین
ئەوان نیازیان نیە خۆیان بگۆڕن . . .
ناچار دەبێ خۆمان لەگەڵیاندا بگۆڕین
بۆ ئەوەی بتوانین بە زوویی بیانگۆڕین

* * *

چەندە ناشرینە بۆ مرۆڤ
پارە سەرف نەکات
پارە سەرفی بکات

* * *

بێ ئەوەی دڵمان خۆش بێت
لەسەر حیسابی فرمێسکەکانی ئەوانی تر پێدەکەنین
بۆیە لەگەڵ بادا دەڕۆین و لەگەڵ خۆردا نامێنینەوە

* * *

هۆکارێك نابینم لەم ولاتەدا بۆ ژیان تاوەکو بۆ ژیان بژین . . .
مسقاڵە زەڕەیەك هیواو ئامانج بونی نیە تا لەپێناویدا بۆی بژین . .
کەچی بێ عارین ناچار بە ژینین .

* * *

هەر کات بە دیداری ڕۆحی بێگەردی
حەزرەتی نالی دەگەم . . .
ئیدی وا هەست دەکەم بە خۆم گەیشتووم و
لەنێو میزانی ئەدەبمدا
لەم زەمەنە پڕ ئافاتەدا
سەرم بەرزەو
بە تەنها نیم
گرنگ خۆمم
بەخۆم دەگەم

* * *

زۆربەی خەڵکی دەچنە بەرچاوی کامێرا
بۆ ئەوەی وێنەیەك بگرن . . .
مرۆڤانێکیشمان هەن
چاوی کامێرا دەچێتە بەردەمیان
بۆ ئەوەی دەیان وێنەیان بگرێت

* * *

هەرچیەکم هەیە پێتانی دەبەخشم ئامادەم
بەڵام هەرگیز داوای یادگاریەکانم مەکەن
چونکە نەدەی بەخشم نە بە هەموو دونیای دەدەم

* * *

شتێك نەماوە بە ناوی نیشتمانەوە . . .
ئەی ئەوە نیە کۆمەڵێك بەرپرس دەیفرۆشن
کۆمەڵێك نابەرپرس دەیکڕنەوە

* * *

یەکێك لەسەرسوڕهێنەرەکانی جیهان ئەوەیە
ئێمەی کورد بێکارین کەچی بەردەوام مەشغوڵین

* * *

شێر تا کۆتایی ژیانی دەیەوێ بیسەلمێنێ کە پاڵەوانە . . .
وەرن با ئێمەش تا کۆتا هەناسەمان بیسەلمێنین کە مرۆڤین .

* * *

هەموومان مێژوو بۆ خۆمان دروست دەکەین . .
بەڵام عەجەب چ مێژوویەك
هەزاران دەرگا بەڕوودا داخراو
چەند دەرگایەك نەبێ هەمیشە ئاوەڵا

* * *

لەهەر شوێنێك شكۆی هونەرو ڕۆشنبیر شكێنرا

ئا لەو شوێنەدا نیە ئاكار . . .

ماڵ ئاوا مرۆڤایەتی

* * *

ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا تۆوی لۆكە بچێنیت دروێنەكەی گەنم بێت . . .

تۆوی گەنم بچێنیت دروێنەكەی لۆكە بێت . .

كەچی لە تەئریخی ئێرەدا هەر كات تۆوی راستی چێنراوە . . .

دروێنەكەی دڕاوە . . . بۆیە . . . درۆ دوراوە

* * *

لێرە كەس نایەوێ فێر ببێ

هەمیشە وادەزانێ كە دەزانێ

كەچی هیچ كات نازانێ

نە فێر دەبێ . . . نە دەزانێ . . . وە ناشزانێ . . . بۆ نازانێ

* * *

دەمێك گزنگ لەنێو سەحەر
جاریێ سایە بۆ دەم عەسرێك
دەمێك مەغریب تا شەوی تار
لە میحرابی وەفای بەشەر
ئێمەی کاسە لێس و تورە
بێدەنگ بێخەم پشتمان کردۆتە ئەم شارە
کەسیێ نیە نازی هەڵگریێ
شاری هەڵمەت و قوربانی
بۆیە وا زەرد هەڵگەڕاوە
ڕۆشنایی نەما ئەم شارە

* * *

ئەگەر مرۆڤ بوون بە بڕوانامە بوایە . .
ئەوا لە سەدا سێی کورد وەری نەدەگرت

* * *

بابانیەکانن جێگەی شانازی
بۆ دۆزینەوەی شاری سلێمانی
ڕێز لە نەوەیان ئەرکی سەرشانە
هەنگاوی جوانیان جەمی خەرمانە
سمبولن ئەوان بۆ نەوەی ئاری
ناویان هەرماوە وەك یادگاری

* * *

ئاخ ژیان مرۆڤەکان چیت پێدەکات . . .
دەچن بۆ باخچە ژاوەژاو دەبەن
دەچن بۆ سەیران پیسایی دەبەن
دەچن بۆ تەقوا باوەڕتان نابەن
دەچن بە سەردان گلەیی دەبەن
دەچن بۆ بازاڕ ویژدانتان نابەن
بۆچی وا دەکەن
بۆ هەرجیٚ بڕۆن
قەد خۆتان نابەن
* * *

خۆت لە ئازاردانی خەڵکی بپارێزە

تۆ هەمیشە باشترینیت

ویژدانت بکە بە دادوەرت

بۆ هەمیشە بێ دادوەریت

* * *

کە من ئەو مرۆڤە سەر بەرزانەی زۆربەی کات بەرەو ئاراستەی خۆر سەریان بەرزە

بۆیە هەمیشە . . . سەریان بەرزە

* * *

مرۆڤەکان بیرکردنەوەیان لەیەك دەچێ

بۆیە ڕۆژەکانیشیان لەیەك دەچێ

دوێنێ بۆ ئازادی دەگریان

ئەمڕۆ لە ئازادیدا دەگرین

سبەینێش لە نەبونی ئازادی پێدەکەنن

* * *

وەك نەسرین دەژاکێت لقو پۆپی لە گرفتا . . . دەردە گرفتاری

فرمێسك هەڵدەڕژێ و خوێن دەچۆڕێ لە هەناوی

ئەو ساتانەی بەبێ هۆ لێی دەکەنەوە دارێك . . . گەڵاکانی

* * *

ڕۆشنایی چرایەك تاریکی کۆڵانێك ناهێڵێ

کەچی ڕۆشنایی شارێك

ناتوانێ تاریکایی دڵی مرۆڤێکی تەنهاو غەمبار ڕۆشنکاتەوە

* * *

هەنگاوی یەکەم . . . بۆمانەوە تامەزرۆیی بۆ ژیان

هەنگاوی دووەم . . . بۆ کۆڵ نەدان ژیان بۆ تامەزرۆیی

هەنگاوی کۆتایی . . . تامەزرۆ بۆ ژیان و کۆڵ نەدان

دواجار مەرگێکە لەتەك تامەزرۆیدا . . . بە نەمری

* * *

منداڵێکی ساوا بووین
وەك ساوای ئێستا نەبوین
کاتێکیش کە بوینە لاو
وەك لاوی ساوا نەبوین
ڕابردوو ساوایەکی جوان
ساوای ئێستا بۆتە ژان
قوڕ بەسەر ساوای سەردەم
ئایندەش هەر ساوابوون

* * *

گۆڕان کاریی پێشکەوتنەکانی کورد
مەحەلەبی شکاندن . . . بۆ یەکتری شکاندن
بۆڵ بڕین . . . بۆ قۆڵ بڕین
خەتخەتێن . . . بۆ پەت پەتێن
هەلوکێن . . . بۆ ڕووشکێن
هەڵماتێن . . . بۆ شەق شەقێن
پێنج بەردی . . . بۆ ناڕێزی
چاو شارکێ . . . بۆ ناڕیزی
بازبازێن . . . بۆ بارەگا
ژینیشمان . . . بۆ خەڵوەتگا
بۆیە بوینەتە . . . کۆمەڵە گا

* * *

زوڵم و ستەمی بەرپرسان
بێدەنگی و سەرکزی ئێمەیە
قبوڵ کردنی هەموانە
چ سوکایەتیەکە بە خۆمان
کە بە هێواشی دەیکەین بە خۆمان

* * *

ئەگەر بەیانیان لەدایك بوونی ڕۆژێکی نوێ بێ
ئەوا شەوان
گیان کێشانێکی نوێیە ، بۆ ئێمەی مرۆڤ کە ئاهو حەسرەتمانە بۆ بەیانیەکی تر

* * *

چەند بە جوانی ڕاهاتووە پەژارەم لەگەڵ شادیەکانمدا
بۆ هەردووکیان چاوم دەکەمەوەو فرمێسکیان بۆ هەڵدەڕێژم
پەژارە یەخەم پێ دەگرێ و
شادی بەرەو پیرم نایەت کەچی هیچ کات بێ هیوانیم

* * *

چەند بێزارکەرە هەموو ڕۆژێك لە ڕەگەوە هەڵی دەکەنم
تۆوەکەی ئەوەندە زۆرە لەلایەکی کەوە سەردەردەکات . . . خەم

* * *

لەوێ . . . لای چەپ نەوت دەدزرێ
کەچی سەرە دەگیرێ بۆ لوقمەقازی و شەربەت
لە کۆلانی لای ڕاست خەریکی گۆشت برژاندن و مەی نۆشین
لە شەقامی گشتیش دەیان کەسی هەژار بۆ نەوت و لوقمە قازی و شەربەت و
گۆشت بە خەیاڵ سەرەیان گرتووە

* * *

ئاخ خۆشبەختی
ئەوەندە دیداری ئارامیم بۆ بینینی ڕوانینت بووەتە خەمی چاوم
ڕۆژ نیە خۆشم نەوێیت و یادت نەکەم
کەی خەتامە کەی تاوانبارم کە نیمە خۆش بەختی لەنێو چاوانم

* * *

بەم ڕۆژگارە سەدای ناڵەو ئازاری دڵی تەنهایم تەواوی شار پڕ دەکات
بەڵام لەناو دەنگی هۆڕنی سەیارەو هاواری کاسبکاران و ڕشانەوەی کاڵفامەکان و باهۆزی وەی شومە . . . هیچ کەس سەدای ئەو ئازارەم نابیستێ . . جگە لە خۆم

* * *

ئەوەندە زوڵم و ستەمم بینی کەلە خەڵکی بێدەسەڵات دەکرا
بڕیارم دا جگە لە نواندن ببمە نوسەریش . . . تا بتوانم ئارەزوومەندانە لە ڕێگەی چیرۆکەکانمەوە تۆڵە لە خراپەکان بکەمەوەو شکۆیەك بگەڕێنمەوە بۆ داماوەکان.

* * *

چەند جوانە ئازاری سەری خەڵکی لە ئازارەکانیدا بکەیتە کەمترین ئازار تا سەری خۆشت خاڵی بێ لە ئازار . .
نە ئەو سەری بە ئازارو نە تۆش سەرت بە ئازار

* * *

وتیان . . . ئەوە کێیە کاسەو کەوچکی چەوری هونەری پارە پەیدا کردنمان پڕ لە خۆڵ دەکات . .

وتم . . . ئەوە منم من منۆکێ دوو چاوم پێوەیە بۆ ڕزگارکردنی هونەرەکەم بزبزۆکێ . .

کێ خواردویەتی قەدی باڵای هونەرەکەم

لەهاو خەمی کەلتورەکەم

هەمیشە جەنگی لەگەڵدا بەرپا دەکەم

* * *

هەموومان دەخوازین

ئەنشتاین بین بێ ئەوەی مێشکمان بجولێنین

ئەی ئەوە نیە ئەنشتاین تیۆری بیردۆزی ڕێژەیی دۆزیەوە

ئێمەش تیۆری مل شکاندنی یەکتری . . .

* * *

پیشاندانی بەرگی هەر کتێبێك بۆ خەڵکی بیانی

بەرهەمی چاوەڕوانی و دلێ ئارامیە . . .

پیشاندانی سوچی سەد دۆلاریەك بۆ ئێمەش

نیشانەی چاو چنۆکی و داڕزانی دڵە

* * *

هەر کەسیٚ کلیلی تەنهایی بەدەستەوە بیٚ
دونیایەك وشەی مرواری . . . لە هزریدا دەبیٚتە دەروازەی سەرکەوتن.

* * *

پیاو نیە شان بدات لە شانم بۆ . . . خەم و پەژارە
ئازارو مەینەتی . . . تەنهایی و بیٚ داری
بیٚ چانسی و کویٚرەوەری
تاکە مرۆڤیشم شان ئەدەم لە شانی مرۆڤایەتی کە یەکەم کەسم لە دۆزەخی ژیاندا
دیٚم و دەچم

* * *

چۆن فەرزە لەسەرمان فەرزی دین بەجیٚ بهیٚنین
ئاواش فەرزە لە سەرمان مرۆڤـ بین

* * *

زەردەخەنەم . . . بە گریان

گیرفانی پڕی پارەم . . . بە بەتاڵی

هێزو توانام . . . بەبێ هێزی

سەفاو گەشت و سەیرانم . . . بە گۆشەگیری

لانەو نیشتەجێم . . . بەبێ کەسی و بێلانەیی

بینینی دوور مەودام . . . بە نابینایی دەگۆڕمەوە

بەڵام هیچ شتێك لەم دنیایەدا ناگۆڕمەوە بە ....ئازادی

* * *

لە بەردەوامیم بۆ وتنی راستیەکان

زۆربەی خەڵکی لێم هەڵدێن

کەواتە تا مردن ڕاستی دەڵێم بۆ ئەوەی درۆزنەکان لە خۆم دورخەمەوە . .

* * *

دوو سمبولن یەك ڕۆح و ئاوێتەی دوو جەستەن بە تامەزرۆیی لەیەك دانەبڕاو لە هیواو بەدەست هێنانی بۆنی خۆش و شنەی نەسیمێکدا . . . . نێرگز و بەهار .

* * *

ڕێگەم بدە ڕێزت پیشان بدەم . . .
ڕێگەت پێدەدەم خۆتم نیشان بدەیت

* * *

لەهەر شارێك مزگەوت نۆژەن كرایەوە هەژاری زۆر بوو
ئەوا لەو شارەدا خودا پەرستی بونی نیە

* * *

ئێوە من دەبینن بەڵام نازانن لە چی ڕاماوم و پەنجەم بۆ كوێی ئەم ژیانە ڕاكێشاوە . .
من ئێوە نابینم بەڵام تێڕاماوم و پەنجەم ئاراستەی ئێوەیە تا بزانم من و ئێوە لە كوێی ئەم ژیانەداین. . . .

* * *

لای چەپم ئازیزانی پێدەبینم
لای ڕاستیشم ئەوانەی پێدەبینم کە ئازیز نیم لایان

* * *

ئەی مرۆڤ بەسیە ناخ پیسی و منەت کردن بەسەر زەویدا. . . سروشت عیشق و ئەوینە بە جوانی دەمان هێڵێتەوە لە هەناوی بوندا . . چ ئافاتێکە بۆ هەمووان گەر لەگەڵمان هەڵ نەکات . . . .سروشت .

* * *

لە سایەی ناسکی و نەرمونیانە ڕاستەقینەکەی ئەودایە
ئازادیەکەی ناگۆڕمەوە بە هەزاران گوڵی دەستە مۆکراوی ناسەلامەتی باخچەکان . . . نێرگز .

* * *

مرۆڤە ژیرەکان گیرخواردوی زوڕنا ژەنە کاڵفامەکانی ئەم وڵاتەن
بۆیە خەو ناچێتە چاویان
گەر (ابن سيرين) لێکدانەوەی خەونەکان بمایە هەرگیز سەری نەدەکرد بەم وڵاتەدا
چونکە لێرە هیچ کەس خەوی نەماوە تا خەون ببینیٚ.

* * *

چ دڵێکی ڕەق ئەو بونە بزەی سەر لێوی نەماوە ڕوونە
جگە لە تینی بەتینی تامەزرۆ تا گڕو تینی
جیلوەی گیانی داوە بە دڵ
مەنزڵی دڵی کرد بە گوڵ
دژوارو سەختە شەوی دەیجورەو نەهاتە
یا دڵ ڕەقە یا گیان سەختە
هەروا ڕاماوە چاوەڕێی مەرگە . . . ئازاد

* * *

**سیفاتی مەزنی خودای گەورەمان**
**وەفاو میهریەتی لە دڵی هەمووان**
**هەر کەس غافڵ بێ و ڕەتیکا بونی**
**بێ سۆزو وەفا قەد نایبێ ژیان**

* * *

**زۆر لە نوسەرو شاعیرانی دەرباری ئەمڕۆ**
**هەوێنی شیعرو نوسینیان بۆ پیاهەڵدان بەسەر بەرپرس و خودا پێداوەکانە**
**لە پاداشتی ئەمە پێیان دەڵێن**
**ناتوانین جوابتان بدەینەوە چونکە ئێمە قەڵەم ناناسین بڕۆن ئازادن**
**هەرچیەکتان کرد بیکەن**
**خوای ئەکرد زەلامتان ئەکوشت**
**ئێمە لەپشتانین . . .**
**بۆیە ئەمانیش بونەتە کەڵەگای قۆرخ کاری ئەدەب و کەسیشیان پێ ناکوژرێ**
**بەڵام ڕۆژ نیە خۆیان و شیعرو ئەدەب و هونەر نەکوژن**

* * *

بەیانی ڕا تا ئێوارە لەسەر شەقامی وێرانە
دوکەڵی سەیارەو هالاوی هەزاران هەناسەی جۆرەها دەمی مرۆڤی بێگانە
گیانیان دەتەنیٚ شەکەت و ماندو چڵکن بیٚ لانە . . .  کەس بەقەد ئەوان بۆنی
خۆش نیە بۆن خۆشتر لە شەوبۆ و شیلانە . . . نێرگز فرۆشەکان .

*   *   *

هونەرمەندی ڕاستەقینە بەبیٚ دەنگی دەمرێت
بەڵام هونەرەکەی جیهان دەهەژێنێت
نا هونەرمەندەکانیش مردنیان ژاوەژاو دروست دەکات
بەڵام هونەرەکەیان بلٚقی سەر ئاو ناتەقێنێت

*   *   *

هەرگیز ئاوڕ نادەمەوە بۆ دواوە ، چونکە بۆ داهاتووم دەگەڕێم . . .

*   *   *

بینینم کز بوو ئەوەندەم بینین . . . تەنها خۆم نەبیٚ هەرگیز نەمبینی . . .
ڕوانینم وایە جوان تۆ ببینیٚ دیەم بۆ تۆ بیٚ باش خۆی دەبینیٚ . . .

* * *

بۆ هونەرت نەتبیٚ خەمت
ناتبیٚ هونەر بۆت بیٚتە خەم
پەیامی هونەر خەمی ڕاستیە
چەوت بیت دوا ڕۆژت بۆت دەبیٚ بە خەم

* * *

بۆ ئایندەیەکی خراپ کارت کردووە
بۆیە کەوتویت هەڵناستیتەوە
ڕابردووی باشت بەفیڕۆ چووە
مرۆڤ تۆ دەڵێم کە خۆتت بیرچووە

* * *

کاری دەرهێنانی فیلمێك
وەك نەشتەرگەری کردن بۆ دڵێکە
کەچی سەیرم لێدێ زۆر کەس دەناسم نە دڵیان هەیە نە مێشك
ئیدی چۆن بوێری ئەوەیان هەیە خۆیان لە قەرەی دەرهێنانی فیلمێك دەدەن

* * *

لە ئێوارانی زەردەپەڕدا
ڕستە . . ڕستە  یادەوەری تەریقەتی عاشقانە دەڕژێتە پێدەشتی ئاوایی ووشە
تا ببێتە مانەوەی دڵ لە شەوی. . . دەیجورا . . . پەرتوك

* * *

کورد بە دیوە کۆمیدیاکەی ژیاندا تراژیدین
بە دیوە تراژیدیاکەشدا . . . کۆمیدیا
لە شیوەندا هاوخەمی ورگیانن
لە شایی و سەیرانیشدا سەرقاڵی شەڕن

* * *

دەژی ئەو کەسەی لەپێناوی تۆدا دەخوا بۆ ئەوەی بژی
ناژی ئەو کەسەی لەپێناوی خۆیدا دەخوا تاکو بژی

* * *

ئەوینداری ڕاستەقینە هەموو شەو و ڕۆژێکیان پڕ پڕە لە ئاهو حەسرەت
تەنها شتێك کە حەسرەت و ئازاریان بوەرێنێت . . . ژوانە .

* * *

ئاخ ژیان
هەیت بۆ ئەو کەسانەی هەستت پیٚ ناکەن
نیت بۆ ئەوانەی حەزت پیٚ دەکەن

* * *

تکایە لێم گەڕێن و لێم مەپرسن . . . بۆ لەم تەنیایی و گۆشەگیریەدا ئۆقرەم گرتووە ئاخر لە دوری ئێوە دەتوانم بنوسم بۆ ژیانێکی سپی . . . بۆ دڵێکی سپی بۆ مانەوەیەکی سپی . . . تا هەمیشە دڵم بۆ یارانم ببێتە هەوێنی مێژوویەکی سپی .

* * *

لەیادمە پەنجا ساڵی ڕەبەقە بانگی ئازاد بە گوێما هەڵدراوە . . . بەڵام لەیادم نیە لە تەواوی ئەو پەنجا ساڵەدا تامی ئازادیم چەشتبێ .

* * *

بە دڵێکی نائارم زۆربەمان باکمان بە دۆزەخە گەورەکە نیە چونکە لەم دڵە ئارامەی ئێمەدا چەندین دۆزەخی بچوك بونی هەیە دۆزەخی ژیان بێ متمانەیی درۆ کردن نادادپەروەری ، دواجاریش دۆزەخی خۆنەناسین تا هەرگیز خوا نەناسین.

* * *

**شتێك نییە بەناوی درۆی سپی**
**درۆ هەر درۆیە گەر ڕەنگەکانی تریشی بخەیتە پاڵ**

* * *

**ئەگەر تەواوی مرۆڤایەتی ڕێز لە کتێب نەگرن . . . ناتوانن ڕێگربن لە نوسینەکانم ئاخر من بۆ مێژوو دەنوسم دواجار مێژوو ئەوان فەرامۆش دەکات و من لەنێو لاپەڕەی کتێبەکاندا دەهێڵێتەوە.**

* * *

**ئەمە ڕوانگەی منە ؟**
**هەمیشە چاوێکم بۆ کۆمەڵگاکەم تەرخان کردووە تا بتوانم هەڵگری خەم و ئازارەکانیان بم لە ڕێگەی هونەرەکەمەوە . چاوەکەی تریشم بۆ خۆم داناوە . . . تا لەجوانی سروشت و ژیان بێبەش نەبم و بە چەوتی بە ڕێگای ڕاستی ژیاندا هەنگاو هەڵنەگرم .**

* * *

که بویت بەو خەمەی خەمی تۆیەتی . . . دەرمانی دەردی هەردەم بۆ ژیان
مەبە بەو خەمەی نەی بیٚ خەمی تۆ . . . دەردی بیٚ دەرمان بۆت نەبیٚ ژیان

* * *

بوون ئازاریٚکی گەورەیە بەکولٚ دەگری بۆ حالٚی ریٚی
چاویش بیٚ ئاگا لە بونی تامەزرۆیە بۆ حالٚی پیٚی
ڕیٚگە نەما تا پیٚی بڕوا گەروا بڕوا هەرگیز ناگات
ژینی تالٚەو قەد ڕیٚ ناکات هۆشی نیەو قەد پیٚی ناگات .

* * *

ڕۆژ نیە خەلٚکی نەبینم دەمیان تا ئاستی کاکیلەیان نەکرابیٚتەوە
لیٚیان دەپرسم بۆچی . . .
پیٚم دەلٚیٚن ئەم شەوبەدەم گیٚڕانەوەی قسەی قۆڕو سەیرکردنی فیلمیٚکی
کۆمیدیەوە سەرقالٚ بووین ، منیش پیٚیان دەلٚیٚم ئەی بۆ ساتیٚك بیرناکەنەوەو بۆ
تراژیدیای بونتان ناگرین .
لە وەلاٚمدا دەلٚیٚن بڕۆ بابە تۆچی دەلٚیٚی ئیٚمە خولٚقاوین بۆ قاقاو خواردن و خەو
لەم ولاٚتەدا . . . چیمان داوە لە بون .
* * *

جارێکیان بیانیەك لێیپرسیم . . . ئێوە خاوەنی گەورەترین سینەمان لە جیهاندا . . . پێم ووت . . بیسەلمێنە . . . وتی ئەی ئەوە نیە بەدەست نەفامی و کات بەفیڕۆدان و ڕوو وەرگێران لە دنیای پەرتوك خۆتان کردووە بە سینەما .

* * *

برادەرێك پێی وتم . . .
دەزانی تۆ چەندین ساڵە ماندویت لەپێناو ئەدەب و هونەردا بەڵێنم بەخۆم داوە پەیکەرێکی بچوکت بۆ بکەم لەسەر ئەرکی خۆم . . . بە ڕێکەوت ڕۆژێك سواری پاس بووم ئەو برادەرەش لەناو . . باسەکەدا بوو لە تەنیشتیەوە دانیشتم هەڵوێستی نەبوو پارەی پاسەکەم بۆ بدات . . . پێم وت تۆ ئامادە نەبویت پارەکەم بۆ بدەیت ئیدی چۆن لەسەر ئەرکی خۆت پەیکەرم بۆ دەکەیت . . .بە منی وت ئاخر بەڵێنەکەی من بۆ تۆ دوای مردنتە نەك زیندوو بونت . . .

* * *

هەموو ڕۆژێك سەرقاڵیت بە خواردنی برنج و شلەو فەلافل تا وورگتی پیٚ فراوان بکەیت
منیش هەموو ڕۆژێك هزرم پڕ ئەکەم لە ووشە تا عەقڵم فراوان ببێت . . . !!

* * *

**لە سەنتەری وڵاتدا دوو مارکێت هەیە بە تەنیشت یەکەوە**

**مارکێتی یەکەم . . . نێرگەلەو پیتزاو کلکە ماسیحەو جنێو و ، خەو دەفرۆشێت جمەی دێت لە خەڵکی .**

**مارکێتی دووەم . . . ڕەوشت و جوامێری و وەفا دەبەخشێتەوە تەنها چەند کەسێك دەبینرێ . . . وابڕوات لە ماوەیەکی کورتا بە تەواوی مارکێتی دووەم دادەخرێت .**

* * *

**کە سەیرم کرد سەیرم لێهات من کە بۆ سەیر دەکەم . . . سەیری ئەوان زۆر سەیر بوو سەیری بێ سەریان دەکرد . . . سەیری منیش ئەو سەیرە بوو تا سەیری سەریان بکەم .**

* * *

**کەسێك دارێکی بەدەستەوە بوو بە هاوڕێکەی وت دەتوانی ئەو پەندەم بۆ شی بکەیتەوە کە دەڵێت (دار هەڵبرە سەگی دز دیارە) ، هاوڕێکەی ویستی شیبکاتەوە ، لەو کاتەدا چەند سەیارەیەکی وەنەوشە دەرکەوتن کە چەند بەرپرسێکی تێدابوو چەند سەگێکیش لە دوای سەیارەکانەوە حەپەیان دەهات ئەوەی کە دارەکەی پێ بوو بە هاوڕێکەی وت پێویست ناکات شیبکەیتەوە من بە وێنەشەوە بینیم.**

* * *

ژیان لە ساتە وەختەکانی لەدایك بونماندا ئارامیمان پیٚ دەبەخشیٚ کەچی کە گەورە دەبین هەر خۆمانین ئەو ئارامیە لە خۆمان دەسێنینەوە . بۆیە بەردەوام وای دەبینین کە ژیان لە دووبارەبوونەوەدایەو خۆشمان گیرۆدەی ئەم دووبارە بوونەوەین .

* * *

ڕۆچونە نێو ئارامیەکانی من . . . بە دڵێکی بیٚ خەوش و دوور لە کینە ئاشتیە . . ئاشتی لەتەك خۆت ، لەگەڵ زەمەن ، دواجاریش تەواوی مرۆڤایەتی . . . حیکمەتی من و پەپولەیەك .

* * *

هەر کات بیرکردنەوەو هەنگاوی جوانی مرۆڤ لە عەقڵیدا خاوێن نەبوو
دڵیش بە پیسی بەرەو سست بوون هەنگاو دەنیٚ
ئەو کات ورگێکی زەبەلاح جێگەیان دەگرێتەوەو
تەواوی بوون چەشنی خۆڵ و خاشاکی لیٚدیٚت

* * *

ئەی مرۆڤـ . . . ژیان بۆ من و بۆ تۆ بۆ هەمووان یەك ژیانە تەنها جیاوازیەكە لێرەدایە من بە باشی ئەركەكانمی تیا بەجێ دەهێنم . . . بەڵام ئێوە بونەتە ئەرك بەسەر ئەم ژیانەوە .

* * *

بۆ ئەوەی ژیان جوانتر بكەین . . . وەرن با بۆ كۆمەڵگە بژین نەك بۆ خۆمان . . .

* * *

با پێكەوە پێبكەنین و هەر پێكیشەوە فرمێسك هەڵڕژین ، ئەو كات بە هەردوو دەستەواژەكە بەختەوەر دەبین .

* * *

منی تەژی لە هیوا

لەودیوی پەنجەرەكەشەوە چەندەها هیوا دەبینم

وەرن با كۆیان بكەینەوە تا ڕابوردو ئێستامان بەدەست بهێنینەوەو ئایندەشمان ناوبنێین هیوا.

* * *

پیاوی ئەم سەردەمە بۆ بەدەست هێنانی ئافرەت هەموو ڕێگاکان دەبڕێ تا پێی دەگات تەنها ڕێگای خۆشەویستی نەبی.

* * *

لەم زەمەنەدا دەرگاکانی ئومێد کڵۆم دراون هەوڵیش نادەین بیکەینەوە .
مەگەر بمرین و سەر لەنوێ لەدایك ببینەوە کە ئەمەش هەرگیز ڕوونادات تا بۆ ئومێدمان ڕووبدات.

* * *

یان من شێتم یان ئێوە شێت
یا هەمووان شێتین وەکو شێت
شێتی من وەك ئەو شێتەیە کە شێت بووە بۆ شێتی ژیان . شێتی ئێوەش تەنها شێت بونە لەپێناو شێت بونی خۆتان
من شێت لەپێناو شێتەکاندا . . . ئێوەش شێت بۆ ئەوەی نەبنە شێت
من شێت بووم چەشنی شێت نەك ئێوە شێت چەشنی ناشێت .

* * *

ڕاستگۆیی بەدەست هێنانی بەهای ژیانە . . .
درۆکردنیش لەدەستدانی خۆت و ژیانە .

* * *

منی ئازاد . . . ئازادی دەمکات بە ئازاد ، نامەوێ ئازاد بم و هەرگیز نەبمە ئازاد
. . . چ بونێکە گەر بە تەنها ئازادبم و بۆ هەمیشە نا ئازاد .

* * *

تەواوی شار پڕی بێ لە بۆنی سیرو پیاز ، بێزارت ناکات بارتەقای بۆنی دەمی
مرۆڤە زمان درێژو خۆپەرستەکان .

* * *

جارێکیان خوێنەرێك لێی پرسیم . . . هۆکار چیە نوسینەکانت ڕامان دەگرێ ؟!!
منیش پێم ووت . . . لەبەر ئەوەیە من ڕاستگۆیانە دەنوسم . . .
تۆش ڕاستگۆیانە دەیان خوێنیتەوە .

* * *

ژینی سەربەستیم تەنها ژیانمە ، ژینم بۆچیە بەبیٚ ژیانم
نامەویٚ بژیم بەبیٚ ژیانم ،
گەر ژیان نەی بیٚ ژیان بۆ ژینم

* * *

لە ڕوانگەی منەوە ئەو خەڵکانەی کە دەبە ئاو و توێکڵە مۆزو فلتەری جگەرە فڕێدەدەنە سەر شەقامەکان لە تاواندا هیچیان کەمتر نیە لەو خەڵکانەی کە خاکیان فرۆشتووە . مەبەست لە هەردوو دەستەواژەکە سڕینەوەی خاکە لەنێو خاکدا.

* * *

تازەترین درۆی سەدە لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەوەیە هەموومان لە دۆخێکی خراپ داین . . . کەچی لەبەرچاوی یەکتردا وا دەنوێنین کە باشین .

* * *

چی دەبوو گەر لەگەڵ هەر کۆکردنەوەو فڕێدانی پیسی و خاشاکێکدا چەند مرۆڤێکی ناخ پیسیش کۆکرایەتەوەو فڕێبدرایە.

* * *

زۆربەی پیاوان بە درۆ بە ژنەکانیان دەڵێن ئەتان پەرستین . . .
ئاخر ئەوان نە ویژدانیان هەیەو نە خودا دەپەرستن ئیتر چۆن دەتوانن ژن بپەرستن.

* * *

ڕۆژی وا هەیە تەواوی هاوڕێکانم بەدوامدا دەگەڕێن نامدۆزنەوە هۆکارەکەشی ئەوەیە من دەبمە کارەکتەرێك لەنێو ئەو چیرۆکمدا کە دەینوسم. هەڵبەتە کارەکتەرێك کە بە تەواوی لەم ژیانەدا وون بووەو لە یاد نراوە .

* * *

خەمەکان زۆرن . . . بێ هیوایی لە ڕادەبەدەر . . . دۆزەخێکە ئەم زەمەنە هەمووماني سوتاندووە کەچی ئەوەندە بێ عارین ڕۆژ نیە دەنگی قاقای پێکەنینمان نەیەت بۆ گاڵتەپێکردنی یەکتری.

* * *

چ بەرپرسێك وەك خۆم بەرپرس . كە پرسم نیە بە بەرپرس . . . بۆچی بپرسم لە بەرپرس . . . كە ناپرسیٚ لە پرسم بەرپرس . . . منی بەرپرس لەخۆم بەپرس . ترسم نیە بە بەرپرسی نا بەرپرس .

* * *

هەمووومان پیێمان خۆشە لە شەقەی باڵ بدەین بەرەو ئاسمان بۆ ئازادبوون . . . . بیٚ ئەوەی بە خۆمان بزانین بەرەو ناخی زەوی دەڕۆین تا ئاستی كۆیلە بوون .

* * *

ئازایەتی ئێمەی مرۆڤـ لەوەدایە كە لە هەناوی گوڵە ڕەنگ پەڕیوەكان و هەنگاوی سەخت و جەنجاڵیەكانی ژیان . . . بەختەوەریەكان بدۆزینەوە .
نەك لە كاتی دانیشتنێكی بیٚ بنەماو چاوبرین لە سەقفی نێو ژورەكانمان و باوێشكدانمان .

* * *

بۆ گەیشتن بە گەشتم گەشتم کرد ، بەناو گشتا . . . لە گەشتمدا نەمدی گشتیٚ هەنگاوبنێن بۆ گەشتیٚ تا بگەنە گشتیٚ . . .

* * *

هەنگاونان بەبیٚ هیوایی یەوە بەهانە نیە بۆ هەنگاوی جوان بۆ ژیان . . . بەڵکو هەنگاوە لەبیٚ هیوایی یەوە بۆ چاندنی هیوا

* * *

منم دڵشادم لە تکەی باران
بۆ هیواکانم هەر دەڵێم باران
بۆ من ڕزگاری تەنها بارانە . . . بگاتە فریام بمکاتە باران
ڕۆژی حەشرمە لە دوری باران دۆزەخی منە نەبونی باران
بۆیە تا ماوم دەبمە باران

* * *

زۆرن هەن بۆ نان بۆ نۆشی گیانیان

دەبنە زەلیل هەر بۆی نابینان . . .

هەندێ دەیبەخشن هەمیشە تێرن

زۆریش نای بەخشن هەردەم بێ نانن . . .

هەندێ بڕوایان کوشتن بۆ نانە

زۆریش وا دەڵێن ژیان بۆ نانە . . .

خۆزگەم بەوانەی هەرزانە نانیان سفرەیان جوانە پڕن لە ویژدان . . .

بۆ مێژوو دەبن بە تابلۆی ژیان بۆ نان نامرن ژینیان ژیانە . . .

* * *

ڕۆژێك هونەرو ئەدەب بە مرۆڤـ یان ووت : ئاگاداربە

شیعر . . . کاری . . . دڵە

پەخشان . . . ئەقڵە

سینەما . . . خەیاڵە

چیرۆك و ڕۆمان . . . ئەندێشەیە

مۆسیقا . . . . خۆراکی رۆحە

وێنەکێشان . . . .چاوە

شانۆ . . . قودەرتی بوونە

دراما . . . ئاوەزی گوفتارە

* * *

دەبێت باوەڕ بەوە بکەین
ئێمەی مرۆڤـ بە ڕۆح ئاوێتەی سروشت نەبین ئەوا بۆ هیچ پەیوەندیەکی ژیان ناگونجێین.

*   *   *

سەری ساڵە یا ساڵی سەر . . .
یا ساڵی سەرەتاو کۆتا سەر . . .
من بیَ تۆ بیَ سەر . . .
ئەی یەکەمین سەر . .
لە بازاڕی بەدەست هێنانی سەرتا . . . ئەوە هەرسەری منە سەوداسەر بۆ بەدەست هێنانی سەر.

*   *   *

ڕاستگۆیی بەدەست هێنانی بەها جوانەکانی ژیانە . . .
درۆ کردنیش لەدەست دانیەتی .

*   *   *

کۆمەڵگای ئێمە خۆشەویستی و ماف خوراوی و وشیارکردنەوەو بیری پوچگەرایی لە پێکەنینە بیٚ ئامانجەکانیاندا دەبیننەوە. ئەی ئەوە نیە هەموو ڕۆژێك لیٚم دەپرسن بۆ فلیمێکی کۆمیدیامان بۆ دەرناکەیت.

* * *

هەموو ڕۆژێك بەخۆم دەڵێم باشە بۆ من بەم جۆرە دەژیم ئەی ژیان بۆ هەمومان وەك یەك نیە ؟ هەر زوو پەشیمان دەبمەوە دەڵێم نەخێر ژیان وەك یەك نیە ئاخر ئێوە پارەو سەیارەو باختتان هەیە من نیمە . . . منیش بیردەکەمەوەو ئەفامێنم ئێوە ئەوەتان نیە . . . کەوایە هێشتا چێژی ژیان خۆشبەختانە بۆ منە .

* * *

سینەما . . .

هونەرێکی باڵاو فرە جوان و سەروەتێکی نیشتمانی و شوناسی فەرهەنگ و کلتورە کەچی ئێمە هەوڵ دەدەین ناشرینی بکەین وە بچوکی بکەینەوەو لە هەناویدا گیرفانمان پڕکەین و لە ڕێگەی فرێمەکانیەوە شوناسمان نەهێڵین هەر بۆیە لەبری ئەوەی بچینە نێو جیهانی سینەماوە بوینەتە سینەما بەدەست جیهانەوە.

* * *

ئەو کاتەی ئاسمانی شەوی پڕ هەورو باران تامەزرۆی دیداری ئەختەرێکە . . .
منیش لە ژێر ڕۆشنایی گڵۆپی حەوشەکەمدا تامەزرۆی دیداری گوڵە نێرگزی
بەهارێکم . . . چونکە هەرزوو ئاوادەبێ . . . دڵ خۆشی من .

* * *

مرۆڤی خەواڵو . . . چاوەڕێی خۆر ناکا تاکو هەڵدێ . . .
چاوەڕێی مانگ دەکات ئاوا ببێ
نە مانگ ئاوا دەبێ و نە خۆریشی هەڵدێ
بۆیە هەر زوو خۆی ئاوا دەبێ

* * *

دەستمان دەگرین بە گیرفانەکانمانەوە تا پارەکانمان لێ نەکەوێ . . .
دەستمان ناگرین بە ژیری و هۆشمانەوە بۆیە لەپڕ دەکەوێ . . .

* * *

لە ڕابوردودا ژیان بۆ من دەگریا
ئێستاش من بۆ ژیان دەگریم و پێدەکەنم

* * *

چەندە یاخیبونێکی ناوازەیە کە لە پێناویدا هەموو قوربانیەك بدەیت و لەپێناو خۆشتدا بۆی یاخی ببیت . . . عیشق .

* * *

دڵی ژنی میهرەبان
وەك قوتابخانەیەکە گەر بە تامەزرۆییەوە وانەکانی تێدا نەخوێنیت و قۆپیە بکەی هەرگیز بڕوانامەی چونە ناو ڕۆحیەوە بەدەست ناهێنی .

* * *

**خاوەن ماڵە خانەخویَ و خانەدانە**

**خاوەنی دڵی میهرەبان و ڕۆحێکی بیَ خەوش و بەرخودانە . . . ئەو ژنەی لە حەوشەی ماڵەکەیدا هەموو خۆرهەڵاتنێك دەیان چۆلەکەو پاساری و خوخوختی . . سەردانی دەکەن**

* * *

**گەر هەزار کەس لە دەورت کۆببنەوەو خزمەتت بکەن بەڵام لیَت تیَ نەگەن وەك ئەوە وایە بەتەنها بیت .**

* * *

**زەلامەکان ... لەوەڵامی سڵاودا بەسەر جواب دەدەنەوە و بیَ هۆشن ..... چێژ لەنارێزی دەبینن .**

**مرۆڤەکان .... هۆشدارن و سڵاو لە پەیکەرەکانیش دەکەن ...**

**چونکە بەرێزن**

* * *

نا هونەریانە ژیان دەکەیت . . .

بۆیە مەندی هونەر نابیت . . . وەك جوانیەکەی سەیری ناکەیت . . .

پێشی داوی ناو و ناوبانگ . . . بەچی دەچیٚ کەس نەت ناسیٚ و لەناو کۆمەڵ هەمیشە زیاد بیت

* * *

لە ڕوانگەی زامدار بونیەوە دڵ توشی نامۆبونێکی دژوار بووە کەچی تا قوڵایی ناخ بە تامەزرۆوە دەڕوانێتە زەمەنی خۆی. . . عیشق

* * *

ڕەوڕەوەی ژیان کردن . . .  هەنگاوە بەرەو ئاسۆبون و نەمری نەك ڕاکردن و سۆراغ بەدوای چێشتخانەکاندا .

* * *

ئەو کاتەی دارا دوو داری بینی

مامۆستا دارای دەبینی

قوتابیش داراو مامۆستاکەی . . .

ئێستا نە مامۆستا قوتابی دەبینێ

نە قوتابی داراو مامۆستاکەی

دوو دارەکەش لە ڕەگەوە دەرهێنران و لە جێگەیان ڕق و کینە چێنرا .

بۆیە بەیەکجاری دارا سەری خۆی هەڵگرت.

* * *

هەمومان گیرۆدەی بێ دەستی خۆمانین .... .بۆیە ئامادەنین دەست ڕاکێشین بۆ یارمەتی دانی یەکتری هەرئەوەشە بوین بەملۆزم وەکو مار بۆ پێوەدانی ......

بۆیەکتری

* * *

لە ورگ زلێکیان پرسی

باشترین کتێب کامەیە ؟

وتی .. کتێبی چێشت لێنان

لەبازرگانێکیان پرسی

ووتی .. کتێبی پارەوسامان

لە خەواڵویەکیان پرسی

ووتی .. کتێبی چۆنیەتی باوێشکدان

لەبەرپرسێکیان پرسی

ووتی .. کتێبی کورسی و پیاهەڵدان

لەمنیشیان پرسی

ووتم ،، جگە لەوچوارکتێبە هەموکتێبی دونیا لە باشیدان ،،

خۆشەویستیە ڕۆژانەی ژینیان . . . بیرکردنەوەشیان هەروەکو خۆیان . . .

ساڵێکی تەواو ڕقیان وا لەیەك

توخوا ڕەوایە یەکە ڕۆژێکیان . . .

ئاخر عاشق نین ئەمەیە حاڵیان . . . نا خۆشەویستی بە تەنها باسیان . . .

ڕق و کینەیان وا لەسەر دڵیان

ڕۆژێکەو تەنها هیواو ئاواتیان

ناویان لێناوە ڤالانتاینیان

* * *

ئارەزومەندانەو بێ دوو دڵی

باوەش دەگرمەوە بۆ تامەزرۆی ژیان و بە گیانمەوە دەی نوسێنم . . تا واتا بدەم

بە ژیان

بەڵێ ژیان ئاوا ئێمەی دەوێت .

* * *

چاندنی یەك سیسی تۆوی درۆ ، دنیا کاول دەکات . . .

دروێنە کردنیشی هەموان ڕاپێچی دۆزەخ . . .

* * *

کەمە بۆ من . . . . لەم زەویەدا ڕۆشناییەك وەك بەرق
زۆرە بۆ من . . . .بارێ مەراق لە مەترێکدا سیل و دیق
زۆر بێ یان کەم . . . لە بونمدا هەر هەنگاوە بۆ ویسالْ
دلْم یەك پارچە لەت لەتەو گیانم هەروەکو حەریق

* * *

دەنگۆی قوربانە

بەقوربان . . . تۆ دەزانیت قوربانیە . . . قوڕپێوانی ئەو عالەمە بۆ خەوتنیان قوربانیە . . سەربڕینە بۆ قوربانی . . . چەندین ئاژەڵی قوربانی . . . تێرکەن ورگیان تا هەمیشە بۆ ئەوەی ببنە قوربانی .

* * *

هەندێك کەسمان هەن مێشکیان بچوکەو زمان درێژن
هەندێکی کەش هەن
زمانیان نیەو گەورەیە مێشکیان
جۆرە کەسێکن تەنها ئاواتیان پول و پارەیەو بۆ خۆشیان نیە ژیان و کەسیان.

* * *

دڵ بۆی لێدەدا بە ڕۆژو شەو خۆی بۆ دەردەخا لە شێوەی تارای زیوین تا هەرگیز تاریکی نەبینیٚ چاوە تیژڕەوەکانی لە هەنگاویدا . . . پیاوی جوامێر .

* * *

بەداخەوە میللەتێکین هەوڵمان نەدا وەك ، کورد  ببینە مرۆڤـ و وەك مرۆڤیش ببینە کورد

* * *

بۆ نابینە ئەنتۆنی کوین یا ئەلپاچینۆ . . ئەی وەك ئەوان مرۆڤنین . . . کێشەکە لێرەدایە . . . ڕۆژی شەممە رۆڵێکی لاوەکی بەرجەستە دەکەین . . . یەك شەممە سیناریۆ بۆ فلمێك دەنوسین . . . دووشەممە سەرقاڵ دەبین بە کاری دەرهێنانەوە . . . سیٚ شەممەش دەبینە شاعیر و قەسیدەیەك دەنوسین . . . رۆژی چوارشەممە ناساندن بۆ نامیلکە تازەکەمان دەکەین . . . پێنج شەممە لەبەر ئەوەی دەستمان بەتاڵە خەریکی کاری وێنەکێشان دەبین . . . دوای وچانێك دەڵێین دەی ئەمڕۆ هەینیە . . با کەمێك مۆسیقا بژەنین و مێشکمان ئارام بێتەوە . کە شەممەش دادێتەوە لەیەکەم کاتژمێردا دەبینە فاشیلترین هونەرمەندی ناوداری وڵات.

* * *

لاوەکان هێزی خۆیان پیشان دەدەن و نمایشی ماسولکەکانیان دەکەن بەڵام بۆ ساتێکیش درك بە هێزی عەقڵیان ناکەن . . . بۆیە هەمیشە فشەڵن چەشنی پەمون .

* * *

من بیردەکەمەوە هەرگیز نایەمە گۆ . . . بەڵام دەتوانن لە بۆشایی سینەی بێ دەنگیمەوە هەنگاو بێنن تا دەگەنە ئەودیوی ئارامیەکانم.

* * *

بۆ ئەتانەوێت لە خراپەدا خۆتان بم و لە باشیدا خۆم نەبم . . . چاوەڕێ مەبن ببمە خۆتان . . . ئاخر من بیردەکەمەوە بۆیە خۆمم . . . ئێوە بیرناکەنەوە بۆیە نابنە خۆتان

* * *

لەنێو ئەم هەموو دڕك و داڵ و پوش و پەڵاشەدا بێزار نیم لە ژیان . . . مەگەر پێیەکانی بێ ئاگایەکی وەك ئێوە ژیانم لێ بستێننەوە ئەی مرۆڤـ. . . مێرولەیەك وای وت.

* * *

ئەی پیاو بیّ هودەییە بۆ ئێوە کە لە ئاست هەست و سۆزمان خۆتان لە گێلی بدەن. لەوە بیّ هودەتر ناوازەیی و ناسکیمان فەرامۆش بکەن . . .

نوسراوی سەر دڵی ئافرەتێك .

* * *

کۆمەڵگەی ئێمە ٣ بەشی ژیانی بەم جۆرەیە . . .

بەشێکی بۆ نان و ئاو و گۆشت

بەشێکی بۆ گۆشت و ئاو و نان

بەشێکی بۆ ئاو و نان و گۆشت

بەشی کۆتایی – کۆتایی خۆیەتی .

* * *

خەڵکی هەمیشە باسی بڕینی لەسەدا ٢١ی بژێوی ژیانی دەکات

کەچی بیّ ئاگایە لەوەی لەسەدا ٩٩ی بونی لێسەنراوەتەوە

گەر لە خەو ڕانەپەڕین ئەو ١ شمان لێوەردەگرنەوەو بەیەکجاری دەبینە سفر .

* * *

ئاخ . . . . خۆش بەختی. . .  بەبێ هۆ ڕوت لێ وەرگێڕاوم . . . .ئاخر هەموو ڕۆژێ هەنگاو دەنێم بۆ سەردانیت . .لەناکاو خەم و ئازار پەیدا دەبن . .بێ ڕەحمانە فڕێم دەدەنە گۆشەیەکی خۆیانەوە.

* * *

ئەوانەی چیرۆکەکانم دەخوێننەوە بەردەوام پێم دەڵێن بۆ کارەکتەری نێو چیرۆکەکانت هەمیشە بە نائومێدی دەهێڵیتەوە، منیش پێیان دەڵێم  ئاخر من لە نائومێدیدا دەنوسم بۆ ئەوەی گەڕان بەدوای ئومێددا بکەمە چیرۆکی گێرانەوەی نائومێدیەکان چونکە نائومێدی هەنگاوە بۆ چاندنی ئومێد.

* * *

گوێم لە سکاڵای چەند گەڵایەك بوو دەیان وت . . . ئەی مرۆڤـ کاتێك دەکەونە سەر زەوی بۆ بە زویی کۆمان دەکەنەوەو فڕێمان دەدەنە ناو گونیەوەو دورمان دەخەنەوە . . . ئەی نازانن ژیان لە هەناوی ئێمەدا هێشتا بەردەوامە . . . ئاخر ئەم باخچەیە نیشتمانی ئێمەیە بمان سوتێنن پێمان خۆشترە لەوەی کە لە زێدی خۆمان دورمان دەخەنەوە.

* * *

گوێم له سەیرانگایەك بوو بە ئازارەوە دەیوت . . . ئەی مرۆڤ هەر كاتێ دێنە ماڵی دڵمەوە لە پێشوازیتاندام و پێتان دەڵێم ئێرەیە بەدیهێنانی ئارامی و ساتە خۆشەكانتان . . . ئێوەش تا ئەو كاتەی ئارام گرتون لەناومدا دەمێننەوە كە بەجێم دێڵن بەجارێ ناخم وێران دەكەن و ماڵی دڵم پیس دەكەن .

* * *

لە ڕۆژی كتێبدا . . . .چەند كتێبێكم بەخشی لە دەرگای ماڵی عەقڵی ئەو خەڵكەم دەدا دەرگایان بە ڕومدا دادەخست . . . پاش كەمێك بینیم گۆشتیان دەبەخشیەوە تەواوی دەرگاكانی ورگ خرابونە سەرپشت .

* * *

كەسانێك هەن ڕاستی بەر گوێیان بكەوێ خەو دەیان باتەوە . . . بەڵام كە گوێبیستی درۆیەك دەبن خۆیانی بۆ هەڵ ئەدەن .

* * *

خەونی نەگۆڕ پیشەی نەزانەکانە
ئاواتەکانیش خەونی هاوبەشەکان
خەون و ئاواتی منیش تاك لایەنە لە خۆمدایە
ئەمەیە سروشتی خەونی من . . . بۆیە نامەوێ لە کەس بچم . . لەخۆم نەبێت

* * *

زۆربەمان سەرمەستی بۆنی ناخۆشی خۆپەرستی و بێ ویژدانین . . .
بۆیە لەم بازاڕی عەتر فرۆشانەدا مەستی بادەی بۆنی خۆشی عەترێك نابین.

* * *

نیشتمان پێمان دەڵێت تا لە باوەشی مندابون هەمووان بەخۆش حاڵیەوە
یەکدیتان دەدۆزیەوە ، ئێستە لە باوەشی پۆپجی و سناب چاپ و تیك تۆکدان
بۆیە هەمووتان لەیەکتری ون بوون.

* * *

مرۆڤانێکمان هەن وەك شتومەك و خواردەمەنیەکان بەرواریان بەسەر دەچێ . . . تا بەیەك جاری بۆ گەنی بەسەرچونیان بلاْونەبێتەوە دەبێ بە خێرایی فڕێبدرێنە زبلْدانی مێژووەوە .

* * *

بە بینینی زەردەخەنەیەکم بڕیار مەدەن کە من بەختەوەرم . . . بەبێ ڕەزامەندی خۆشم ناتوانن وابکەن دلْخۆش بم . . . ئێوە هەر بۆ ساتێك لای منن . . . بە درێژایی ڕۆژەکە گریان لە ناخمدا چەشنی جۆگەلەیەکە . . .

* * *

هیچ شتێك ناتوانێ ببێتە ڕێگر بۆ مرۆڤـ لە هەمبەر خەون و هیواکانی . . . تەنها شتێك کە ڕێگرە گەمژەیی و ساردبوونەوەی مرۆڤـ خودی خۆیەتی .

* * *

لەم خاکە داڕوخاوو بێ خاوەنەدا . . .
مشتێك خۆڵ و کەمێك خێر . . . بۆتە خێراو . . .
بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی خاك و خۆڵمان و خۆمان . . . دەبێ ڕۆژانە هەندێ خەڵك
بەخوا بسپێرین و خەڵکانێکی کە بە خاك.

* * *

کەمن ئەوانەی شەیدای بارانن . . . زۆریشمان هەیە تاسەی زریانن هەر کەس
دەبینی ئاوات بۆ ژیان . . . هەمووشی بەرەو ڕاپێچی مەرگ .

* * *

نە بۆ ژیان چۆك دادەدەم نە بۆ مردن . . . لەنێوانی هەردووکیاندا ژیان
دەنوسمەوەو دەی سپێرم بە نەمری تا بۆ هەمیشە بژیم .

* * *

خوداپێداوەکان بۆ ژەمە خۆراکێکی ڕازاوەی سەرمێز سەدان دۆلار سەرف دەکەن چێژ وەرناگرن و هەمیشە تێرن . . . هەژارەکانیش تەنها بە کڕینی لەفەیەك قاورمە چێژ وەردەگرن و هەمیشە برسین.

* * *

لەو هەنگاوانەی کە ناومە بۆ ژیان ئەگەر چانس یاوەرم بوایە پێدەچوو پلەدارێ ، سەرۆکی دەزگایەکی گەورەی ڕاگەیاندن ، چوزانم . . . بازرگانێك ، سەرۆك خێڵێك ، ڕاوێژکاری وڵات ، یا دەوڵەمەندێکی دیار بومایە. بەڵام سوپاس بۆ یەزدان کە چانس یاوەرم نەبوو .

* * *

لەم گەردونەدا هێندەی ، مرۆڤـ ، نیە هیچ شتێك گەورەتر . . . کەچی مرۆڤی وامان هەن بە کردەوەکانیان نرخیان کەمتر لە پوشێکە و ئاستیان نزمتر لە سەرەسوۆدەیەك.

* * *

مەبە ئەو خەمەی نەیبیٚ خەمی تۆ . . . دەردی بیٚ دەرمان بۆت نەبیٚ ژیان
ببە ئەو خەمەی . . . خەمی تۆیەتی . . . دەرمانی دەردە هەردەم بۆ ژیان

* * *

هەرگیز سەفەری دەرەوەم نەکردووە زۆریش هەن پیٚم دەڵیٚن بۆ سەفەریٚك ناکەیت . . .
منیش دەڵیٚم ئەگەر من بڕۆم ئەی کیٚ لیٚرەبیٚت تا ئازارەکانی کۆمەڵگا بکاتە چیرۆك . .

* * *

شارە میٚرووڵە هونەریانە دەئاڵیٚن لە کلۆ شەکریٚك بۆ بەخشینی تامی شیرینی جەستەیان . . . کۆمەڵیٚ نەزانیش ئاڵاونەتە گیانی ئەدەب و هونەر بۆ چەشتنی تامی تاڵی نەفامیان . . . میٚرولەکان مافی ڕەوای خۆیانە تا شیرینتر بنویٚنن چونکە دۆستی هونەرن ، بەڵام نەزانەکان ئەو مافەیان پیٚنادریٚ تا شیرینی بنۆشن چونکە ڕوویان تاڵەو دوژمنی گەورەی هونەرن.

* * *

بژێوی ژیانی پڵنگێك بۆ ئەوەی لە برسا نەمرێ . . . ئاسكێكە . . .
كەچی ئێمە هەزار جنێوی ناشرین بەو پڵنگە دەدەین كە بۆ ئەو ئاسكە جوانە دەخوات .
خۆشمان گۆشتی كەومان لەبەردەستایەو زۆر بە شانازیەوە دەیخۆین.

* * *

گەر هەمیشە لە هزرماندا جیهان وەك پارچە مۆزیكایەكی دڵ ڕفێن وێنا بكەین ئەوا دڵمان دەبێتە باشترین ئاوازدانەر .

* * *

سەیرو سەمەرەیە بەلامەوە حزبەكان ٣٠ساڵی تەواوە ناهێڵن دەنگمان دەربێت . . .كەچی پێمان دەڵێن دەنگمان پێ بدەن . ئێوە لە مێژە دەنگ و ڕەنگی ئێمەتان دزیوە گلەیی مەكەن كە دەنگمان پێ نەدان . . . ئاخر نە دەنگمان ماوە نە ڕەنگ .

* * *

بەهەشت . . .
هەموو نەتەوەکانی دنیای تێدایە ، کورد نەبێت ، باشتر . . . چونکە بەهەشتیش تێك دەدەن و تەواوی چواردەوری حەوزی کەوسەر دەکەنە عارەبانەی لەفە فرۆشتن .

* * *

هەموو ئاژەڵێك تەنانەت دڕندەکانیش لەگەڵ مرۆڤدا ڕادێن . . . تەنها مرۆڤ خۆی نەبێت ئەوەندە خۆپەرستە لەگەڵ خۆشیدا ڕانایەت .

* * *

تەمەنا دەکات لەنێو ملیۆنەها دڵۆپە باراندا سەرتاپای گیانی بێ گیانی تەڕ تەڕ ببێ . . . بوکە بەبارانێ .

* * *

ئای پشیلەی بەستەزمان بێ زاکیرەو بێ زمان ، بە سپڵە ناوت دەبەن . . . کەچی زۆر هەن بێ ویژدان . . . زمان درێژ و بێ تام . . . لەباتی ناوی سپڵە ناویان ناون میهرەبان.

* * *

پارێزەری گوڵەکانەو هەمیشە مەراقیەتی کە بۆچی هەست بە بۆنی گوڵێك ناکات .
. .داهۆڵ.

* * *

لەبەر ئەوەی زۆرینە نەخوێندەوارن . . . لە ئێستادا نوسراوەکانم تەنها خۆم و کەمینەیەك دەیخوێنینەوە بەڵام ڕۆژێك دێت لەبری تلیاك قاچاخچیەکان نوسراوەکانی من بەنێو سنورەکاندا ببەن چونکە خەڵکی ئالودەی دەبن.

* * *

لەناو دڵاندا چەندە شیرین و جوانە دەبێتە هەوێنی ساڕێژ بونی دڵە ئازار چەشتووەکان . . . شکۆی ژن .

* * *

مرۆڤـ بە باشە خۆیان ناناسن . . . بۆیە بە خراپە خەڵکی دەناسن . . . نە ئەم ناسراوەو نە ئەو دەناسرێ . . . . هەمیشە ون بوو ژیان ناناسێ . . . خراپی خۆیە کە باش ناناسێ.

* * *

ئەم بونەی من چەند بێ بەهایە لەنێو ئەم گەردونە پڕ بەهایەدا بەبێ بونی . . . دایکم .

* * *

خۆ فریودانە بۆ ئێمە بڵێین سینەماکارین . . .
ڕۆژانە سینەماکانمان دەبینین . . . غەسالە و تەباخ و بۆدی تەسکو پانتۆڵی تێدا دەفرۆشن . . . کەچی هەمیشە بێدەنگین . . . بۆیە سنور نابەزێنین .

* * *

فەلسەفەی زۆربەی سینەماکارانی کورد . . . .
هونەر لەپێناو پارەدا نەك پارە بۆ هونەر . . . .
نواندن بۆ خود نەك بۆ کۆمەڵگا . . . .
بۆیە هەمومان بوینەتە سینەما

* * *

شیفای مرۆڤایەتیە لە ناسنامەی گوڵاڵەدا ماچی لەبی . . . هەنگەکان .

* * *

لاشەیەکی قورس هەڵگری عەقڵێکی سوك . . .
زمانێکی شیرین بەڵام دڵێکی ڕەش . . پاکی شکڵو کاڵا کەچی ناخێکی پیس .
بۆیە ئەمانە هەڵگری ناوی زەلامن نەك مرۆڤـ.

* * *

چل ساڵی تەواوە لەپێناو هونەردا خزمەت دەکەم . . . بێ پارەم ، ئامادەم چل ساڵی کەش خزمەت بکەم بێ پارەبم بەس بێ عەقڵ نەبم.

* * *

زۆرێك هەن ژینیان هەر بۆ سەودایە ، بۆ منیش خەونم هەروا وەیلایە . . .
خواستومە ژینم خاڵی بێ لە خەم . . .
یەخەم دەگرێت خەم بوون بێ مانایە .

* * *

وردو درشت و نەرم و نیان لە ئامێزی ڕەنگە دەگمەنەکەیدا لەخۆی نەبێ لە هیچ شتێکی ئەم گەردونە ناچێ . . . . پەپوولە .

* * *

مەپرسە من كێم بپرسە بۆچی دەژیم كە زانیت ئەو كات بەباشی دەمناسیت.
*   *   *

دانەوەی قەرزمان بە پیتی خاكمان پاك ڕاگرتنە خاكی بەیارمان
هەریەك لە ئێمە قەرزاری خاكین ڕووڕەشی خاكین دوربێ لە ڕوتان
زۆر جێگەی داخە كەمینەیەك هەن باوەڕیان بۆ خاك پاكی و بێ خەوشی
بە تامەزرۆوە بە چاوی دڵیان وەك خاك پەرستێ دەڕواننە عەرشی.

*   *   *

نان لە قوڕگی شێردایە لە راستیدا فەلسەفەی كرێكارو كەناس و گەدایە . .
كەچی دكتۆرەكان ئەوەندە بێ ئینسافن ڕێوی ئاسا ئەم دێڕەشیان دزیوە بۆ خۆیان .

*   *   *

ئاخ چ بونێكی . . . .بوون
هەرگیز ڕوینەداوە لە ژیاندا ڕۆژێ مێشكت ئارام و دڵیشت خۆش كەچی هەر كوڵ نادەیت بەدوای ئارامی و دڵخۆشیدا دەگەڕێیت تاكو بەیەكجاری دەبیتە نەبون . . . ئەی بون.
*   *   *

بیٚ ئەدەبترین کەسانێك ئەوانەن کە خۆیان چەندین کێشەیان هەیە کەچی دێن کار بۆ ئەوە دەکەن تۆش بخەنە هەمان ئەو کێشانەوە کە تۆ نیتە.

* * *

فەلسەفەی ژیانی من سیٚ شتن . . .

بیرکردنەوە ، گریان ، خەم ، نەکەن فەلسەفەکەی من بکەنە مەنهەج بۆ داهاتوتان ژیان لەدەست دەدەن و هەموو ڕۆژیٚ مردنتان .

* * *

ئەی تۆ ؟ . . . تا پیٚت دەکریٚ ئاسودەبە . . . ئاخر نەکەست فریوداوەو نە زوڵمیشت لە کەس کردووە . . . خاوەنی ئەم نوسینە وادەڵیٚ.

* * *

ڕۆژ نیە ئاراستەی هاوینە هەواری ئەحمەد ئاواو چەندین شوێنی حەوانەوە پیشانی عەرەب نەدەین . . . کەچی ڕۆژێك نەمان بینی عەرەبێك بەرەو ئاراستەی شوێنێکی ئاراممان ببات.

* * *

پێکەنینم بە خۆم و ئەو خەڵکە دێت . . . ئاخر شوێن نەما لەم گەردونەدا تیایدا لەدایك ببین ئەم وڵاتە پڕ لە نەوتە نەبێت .

* * *

لەدایك بوم بۆ ژیان
پێکەنین دواجار گریان
نەك بە تەنها هەر گریان
ببێتە پیشەم ژیان

* * *

خۆزگەم دەخواست زاکیرەم وەك زاکیرەی مێشولە لاواز بوایە بۆ ئەوەی هەستم بە خەم نەکردایە .
ئاخر مێشولە چەند پیایدا بکێشیتو دوری بخەیتەوە لە خۆت هەر دێتەوە بۆ خۆت.

* * *

ڕێزمان نەبێ ڕێزمان نابێ . .

ڕێزمان بۆ ڕەوتی ڕێزمان ، ڕێزمانە .

بۆ لوتکەی ڕێزمان . . . هەڵەی هەموان چاوپۆشیە لە ڕێزمان ، کەوا دەکات بێ

ڕێزمان بین لە چنینەوەی . . . ڕێزمان .

* * *

هەموو ڕۆژێ هەوڵدەدرێ تاکو ژیان بم لاوێنێ . . .

کە گریانی من دەبینێ بۆ تاوێکیش پێناکەنێ.

* * *

چەند هونەرێکی جوانە کە لە هەناوی شەش هونەرەکەی پێش خۆی بەهرەی

وەرگرتووەو بەردەوامە بۆیە مەزنە. . . هونەری حەوتەم.

* * *

بە نەفرەت بیت ئازاد بۆ ئەوەندە بەرچاو تەنگیت هەر هیچ نەبێ تۆزقاڵێك لەو خەمەی بوەتە خۆراكی رۆژانەت بەشی خەڵكیشی لێبدە . . .

* * *

ڕق و كینە هەموومان بەرەو مەرگی ناوەختە دەبات . . . خۆشەویستیش بەرەو نەمری ئەبەدیەت .

بریا یەكتریمان باش بناسیایە بۆ ئەوەی هەرگیز نەبوینایەتە هۆكاری مەرگی یەكتری . . .

بەڵكو بەیەكتر ناسینمانەوە بوینایەتە هۆكاری هەرگیز نەمری.

* * *

دكتۆرە قێزەونەكان شەوانە پارەی نەخۆشەكان دەكەنە سەرین بۆ ژێر سەریان ، چاوە زەق و خوێناویەكانیشیان چەشنی جەلادەكان بڕیوەتە بیلی و پاپازی قەرە . ڕۆحی نەخۆشەكانیش بە سەقفی قومارخانەكانیانەوەیە تا ڕۆژ دەبێتەوە لە ئازارو ناڵەدان .

* * *

لەم یاریگا گەورەیەدا لەگەڵ دوو تیپی نەزان هەمیشە لە بەرگریداین . . .
هەموومان گۆڵچین و سەرقاڵی یاریکردنێکی بێ کۆتایین . . .
ڕۆژ نیە دە گۆڵمان لێ نەکرێت . . سەیرەکە لەوەدایە هەموو جارێك یاریەکە دەدۆڕێنین کەچی ئەوەندە بێ عارین هیچ هەوڵ نادەین جارێك یاریەکە بەرینەوەو بەردەوامیش یاریان لەگەڵ دەکەین.
ئەو دوو تیپەش سودیان لە گەمژەیمان بینیوەو لەسەر حسابی ئێمە هەزاران کاسی ئاڵتونیان کڕیوە بۆ خۆیان .

* * *

شەوە بێدارەکان لە تاریکیدا لێدانی ترپەی دڵ زیاتر دەکات بەبێ بۆنی . . . دایك.

* * *

هەموو مرۆڤێك لە تەنهاییدا دەگمەنە . . . هەموو دەگمەنێکیش لە کۆمەڵگەدا مرۆڤە .

* * *

زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە . . . منیش بە دەوری خەمدا
نە بستێك زەوی شك دەبەم تیایدا بسرەوم . . نە خۆری هیواش بۆتە ئاواتم . . .
لەودیو پەنجەرەی حەزەكانیشمەوە گوێبستی هیچ نیم جگە لە هاوارو ئازاری
تەنهایم.

* * *

مرۆڤـ لەنێو ئاوێنەی ژیاندا تەنها خۆی ببینێت . . . هەرگیز نابێتە خۆی.

* * *

چەشنی ڕێژنە بارانە فرمێسكی چاوەكانی دایك لە خەمی . . . مندالّەكانیدا .

* * *

گیرفانەکان لای چەپەوە دروست کراون بۆیە حەزی لە پارەیە . . . دڵ .

* * *

هەر چوار وەرزە لە چاوەکانیدا وردە باران دەبینرێ بە گۆنایدا دێتە خوار . . .
فرمێسکەکانی . . . دایك.

* * *

سەری ژێر دەخوازێ . . .
سەرگەردان بێ نەك سەر ژێرو نا وشیار بێ
سەری ناژێر ناخوازێ وشیارو سەری سەربێ . . . دەخوازێ.
سەری شۆڕبێ و بەختەوەر بێ تا سەری سەر.

* * *

ئازارشکێنە بۆت هاوکاری هاوڕێیەکت بکەیت کە پێویستی پێتە بۆ نەمانی ئازارەکانی . . . لەوە بە ئازارتر نیە ئەو هەنگاوەت بە هەڵە لێك بداتەوەو لەبری پێزانین ببێتە مایەی ئازار دانت

* * *

پارە . . . دوا وەسیەتی دکتۆرەکانە بۆ شاردنەوەی گۆڕەکەیان لە بری خۆڵ .

* * *

تا پێکەوەین ئازار زیاتر
خۆشتر دەژین بەبێ یەکتر
بەیەکەوەین ژینمان تاڵتر
بەبێ یەکتر خەمێ کەمتر.

* * *

لە دوورەوە زۆر هاوڕێ هەن خۆناسینیان چەشنی مەڕە . . . . تا نزیکتر بیانبینی ئەسڵو فەسڵیان ئەهلی کەرە . . .

* * *

نا ڕۆشنبیری خوێنەوارەکانە هەموو چرکەیەك لە تەنهاییدا وشەکانی هەڵدەوەرێ . . . پەرتوك.

* * *

زۆربەمان چەشنی بەرازین فەنابونە ڕابوردومان
خۆپەرستی و بێوەفایی بۆتە پیشە بۆ ئێستامان
بۆ پێشەوە مل دەنێین و ئەفیونە داهاتومان .

* * *

سلێمانی . . .
لە شەوقی تۆ لە بونی تۆ لە میهری تۆ دەسازێین
بە دیدەنیت بە خەونی تۆ بە شیرینیت ئەڕازێین . تاوی باران نمەی جاران تەڕی کانیت بە جاریێ
فیدات دەبین لە خەڵوەتا ڕۆحی مەیە ئەناڵێ
دەنگی هۆزان ناڵەی دەفت ئێمەی دەروێش بۆ حاڵت .
دەڕژێینە ناو زیکری خانەی سۆزو دەنگی کەنارت
لە جوانی خۆت تێت ئالاوین هەمیشە تۆی لەسەر زاریێ.
قوربانت بین ناوت دێنین یەکو دوو تا هەزاریێ .

* * *

بەرپرسەکان کە لە شاخ بوون تاکە ئاواتیان بەدەست هێنانی نیشتمان بوو ئێستاکە لەناو نیشتمان دان هەموو شتێکیان بەدەست هێناوە تەنها نیشتمان نەبێت.

* * *

تەمەنا دەكات لەنێو ملیۆنەها دڵۆپە باراندا سەرتاپای گیانی بیَ گیانی تەڕ تەڕ بیَ . . . بووكە بەبارانیَ .

* * *

بەبیَ پەروا خۆری هیوا ئاوا نابیَ . .

ئاوا دەبیَ سەربەستی ژین تا بۆ ئەبەد بەبیَ پەروا . . . ئاوا نەبیَ .

* * *

جوانی مرۆڤـ ئەدەب بونە مەرجی ئەدەب مرۆڤـ بونە .

* * *

یەكەمین قەومین كە شێتی پارەین

بۆتە میكرۆب و چووەتە ناخمان . . .

برا هەر پارە باوك هەر پارە

پارە گشت كەسمان . . .

دین و باوەڕو نیشتمانمان . . . تەنها پارەیە بۆتە شوناسمان.

* * *

کتو مت لە ئاو دەچێ کە بۆتە ئاوەدانی بۆ هەموو شوێنێکی ئەم گەردونە . . .
یادگاریەکانی منداڵیم.

* * *

دڵێك پاك نەبێتەوە بە ڕێژنەی باران . . . گرنگی چیە ئەو دڵە بۆ لێدان . . .
دڵێك کە پیس بوو لە لێدان کەوێ . . . باشترە لەوەی بەر هەوا کەوێ . . .

* * *

کێشەی ئێمە ئەوەیە هەموو ڕۆژێك چەندین هەڵە دەکەین
کەچی لە خۆمان خۆش دەبین . . . ئەی ئەوە نیە لەسەر کێلی جەلادەکان
دەنوسین خوا لێ خۆش بوو .

* * *

تویشوی ڕێگایە ویژدان
بۆتە وێردی سەر زمان
چەندین ڕێیە هەنگاونان
هەقیقەت ژینی سەرمان
دەیکەینە پیشەی سەرمان
تاکو بگەین بە سەربان

* * *

نیشتمان بە هەموو کەمو کوڕیەکانیەوە شایەنیەتی کار بۆ شانازیبونی بکەین بەلاّم نیشتمان فرۆشەکان شایەنیان نیەو دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین ڕێگە نەدەین پیایدا ڕێبکەن.

* * *

پیاوی ئازاو دلێر هەرگیز نە باڵ فش دەکاتەوەو نە چاوەکانی لە هیچ کەس بز دەکاتەوە بۆیە پیاوە.
پیاوی ترسنۆکیش هەمیشە بەبێ هۆ ترس دەخاتە چاوی خەڵکیەوە . چونکە ناپیاوە .

* * *

هێز له جهستهیدا نهماوهو بهردهوامه له ههوڵدان
دهیههوێ بیسهلمێنێ هێشتا پاڵهوانی سایهو سێبهری منداڵهکانیهتی . . . باوك .

* * *

بێ هیوا چهشنی بول بول و کهناری دهخوێنن لهنێو قهفهزی بێ نازیدا . . .
قوتابیه ههژارهکان.

* * *

به درێژایی ژیانم سێ جار به دڵ پێنجوێنم دیوه :
١- منداڵیم که بهدهم یاری کردنهوه یهکتریمان له باوهش گرتبوو.
٢- کاتێك به هۆکاری جهنگ کاول بوونهم ناسیهوه .
٣- کۆتا جاریش ساڵی پار بوو من ئهوم ناسیهوه ئهو منی نهناسیهوه.

* * *

هەمیشە لە کێبڕکێدان تا بە سیمای مرۆڤە دڵ پاکەکان ئاشنا بن . . . سێبەرو هەتاو.

* * *

چەشنی مۆتەکەیە ترس دەخاتە سەرتاپای گیانمەوە . . . . نوسەری دەربار .

* * *

بۆ بەرگری خاکی پیرۆز پەڵەی داوە لەسەر جەستەی خاك پەرستان . . . لافاوی خوێن.

* * *

گەر هەمیشە لە هزرماندا جیهان وەك پارچە مۆزیکایەکی دڵ ڕفێن وێنا بکەین ئەوا دڵمان دەبێتە باشترین ئاوازدانەری جیهان تاوەکو بە جوانترین شێوە ڕۆحمانی تیا پەروەردە بکەین.

* * *

کەشو هەواو دۆخی هەرێم لە ڕۆژدا . . .

بەری ئاسمان تاریك و قەترە قەترە بارینی غەزەب

سەر زەویش یەك پارچە بوەتە بورکان لەگەڵ پریشکی گڕەکانیدا ، درۆ ، دەست بڕین ، هەڵخڵەتاندن ، بێ وەفایی ، خۆپەرستی ، خوێن ڕشتن ، فەسادی ، بڵاودەکاتەوە.

شەویش ، داهاتنی کوێرایی بۆ کەروێشکە خەوێك ، چونکە موبایل و ئاوسانی ورگی زل کە بۆتە زبڵدان ڕێگرە لە خەوتن.

بۆیە هەرگیز لەم هەرێمەدا پەڵە نادات

* * *

گەر ئاگات لە دڵت بێت ئەوا دڵت ئاگای لە تۆ دەبێت

گەر ئاگات لە چاوت بێت ئەوا چاوت ئاگای لە خۆت و دڵت دەبێت.

* * *

وڵاتێکی سەیرە گوڵم . . .

قاچاخچیمان هەیە لەبەر پارە زۆری بووەتە سینەماکار . .

سینەماکاریشمان هەیە لەبەر بێ پارەیی بووەتە قاچاخچی .

* * *

جەستەو ڕوخسارِیان قەترانی
ناخیشیان وەك بەفر سپی
تەختە و فڵچە هاوڕێیانن
هەنگاویان کولە مەرگی هەوڵیان بۆ ژەمە نانێ ژینیانە نانە سکی . . .
بۆیاخچیەکان.

* * *

فریشتە ئاسا . . . بێدارن و لە شەقەی باڵ دەدەن بەرەو هێلانەی هەتوانی زامی دڵ . . . بۆیە ڕێك لە فریشتە دەکەن . . . پەرستارەکان .

* * *

خۆپەرستەکان هەرگیز لە ئاوێنەدا خۆیان نابینن چونکە نیە ڕوخساریان . . .
بۆیە هەرگیز لە پشتی ئاوێنەوە نیانە هەبونیان

* * *

لە ئێوارانی خۆر ئاوابونمدا هیچ شتێکم نیە تا بیبەخشم ، ئاخر خۆشم ئاوا دەبم بەڵام هەرچی لە خەیاڵمدایە بۆ خۆر هەڵاتنی بەیانی دەیدەم بە پێنوسەکەم و ئەویش بەڕێزەوە هەمووی دەکاتە دیاری بۆ دڵەکانتان تا بۆ هەمیشە خەیاڵی خۆرتان ئاوا نەبێت . . چەشنی خۆرئاوابونی تەنهایی ئێوارانی من .

* * *

منداڵێك باوکی باڵندەی بۆ دەگرێت ئەویش دەیان فرۆشێتەوە.
منداڵێکی تر باوکی باڵندەی بۆ دەکڕێت ئەویش بەرەڵایان دەکات .
کەواتە باوك و منداڵی یەکەم لە کاتی بارینی باراندا دەچنە پەناو پەسێر بۆ ئەوەی تەڕ نەبن
منداڵ و باوکی دووەم هەمیشە چاویان ڕوو لە ئاسمان چاوەڕێی بارانن.

* * *

لە پرسمدا زەنگینم
لە پرسەمدا هەژارم
بۆیە هەرگیز ناترسم
جاویدانیە ویستم
* * *

خەراباتە ئەم گەردونە
مەرگ زوو دێ دڵ زەبونە
باش گۆڕاوە دە بڕوانە
ناخمان سیا دڵ ناڕونی
وا هەرەس دێنێ متمانە

* * *

چەندە بونێکی جوانی وەرزیە کە لە جوانترین موحیبەتی بینینی عیشقی ئاودا عاشقی خۆیەتی. . . گوڵە نێرگز .

* * *

زۆربەی خەڵکی تەنها بایەخ بە ژیان دەدەن بۆیە دەژین و لەناکاویش دەمرن بەڵام من بایەخ بە ژیان و هونەر دەدەم . . . بۆیە نە دەژیم و نە دەشمرم .

* * *

پەتای . . . ڕق لیٚ بونەوە

لەرزوتای . . . خۆشەویستی

مۆدیلی . . . چەنەبازی

ژەهری . . . ئیرەیی

دۆزەخی . . دڵ پیسی

غەرقی . . . خۆپەرستی

ئەمانە شێرپەنجەی کۆمەڵگەن لەبری دەرزی کیمیایی دەبێت دەرزی ژەهریان لێبدرێت.

* * *

ڕاستی لە تاریکیدا ترسی نیە بیٚ پەروا هەنگاوی دوور بە جوانی دەبڕێت . . . ئەوە فۆبیای مرۆڤەکانە لە ڕونیدا ڕاستی نابینیٚ و بە چەوتی هەنگاوی ناشرین دەبڕێت.

* * *

زۆربەی خەڵکی ، راستیەکان لەنێو چەکمەجەی هزری ناهۆشیاریاندا جێ دەهێڵن
و زۆر بە شانازیەوە دەستی درۆ دەگرن و نمایشی دەکەن
تا ئەوەی لە بیریان بمێنێ بۆ سبەینێ چۆن درۆیەکی تر دابتاشن.

* * *

بۆ سەرکەوتن بەرەو لوتکە ئەمانەت پێویستە . . .
پەیژەیەك لە زیو
هەنگاوێك لە زێڕ
دڵێك لە مرواری
ئەدەبێك لە ئەڵماس
هزرێك لە یاقوت
میهرو سۆز لە زمرووت
عیشقێك بۆ ئەبەدیەت

* * *

گێلەکان لە ناخەوە پێ دەکەنن و زاناکانیش تەنها بە ڕوخسار . . .
گێلەکان شەو و ڕۆژیان بۆ نیە لە پێکەنینیاندا . . . چونکە بە خەڵکی پێ دەکەنن
. . زاناکانیش پێکەنینیان بۆ خۆیانەو بۆ خەڵکیش گریان تا بۆ ژیان پێ بکەنن.

* * *

ئەم بونەی من چەند بێ بەهایە لەنێو ئەم گەردونە پڕ بەهایەدا بەبێ بونی
.........دایکم.

* * *

هەموو ڕۆژێك بەڕێگادا دەڕۆم لە چەندین لاوە هاوارم لێدەکرێت کە بۆچی خۆت
ماندو دەکەیت لەپێناو هونەردا
لەم وڵاتەدا کوا هونەر قەدری هەیە . . . هەر کە ئاوڕ دەدەمەوە بزانم کێن
ئەوانەی هاوارم لێدەکەن کە سەیر دەکەم هەر خۆمم بە خۆم وا دەڵێم.

* * *

پیاوی بودەڵە کە ئافرەتان دەبینن چاویان بڵند دەکەن تا ڕاویان بکەن . . . پیاوی جوامێریش سەریان نەوی دەکەن بۆ ئەوەی ڕاو نەکرێن.

* * *

ناوازەترین مامۆستایە کە فێری وانەکانی باوەڕ بەخۆ بونمان دەکا بیٚ ئەوەی بێزارمان بکات . . . . . . . کتێب .

* * *

ئەوە دۆی دادە بۆ ڕژا هەوڵمان نەدا کۆی کەینەوە بۆیە وا ئێستە خوێن ڕژا

* * *

هەموو دڵخۆشیەکانی دنیا بە ڕادەی باران دڵخۆشم ناکەن . . . هەموو ناسۆریەکانی دنیا هێندەی نەبونی باران ئازارم نادەن .

* * *

بەدەم بارینی بارانەوە هەموومان لەمدیوی پەنجەرەکەوە مام زۆرابمان دەبینی هەموشمان چێژمان لە شیرینی مێوژەکەی بینیوە ئێستاش پەنجەرەکانمان بەڕویدا داخستووە . . . هەر بۆیە نە مێوژ شیرینیەکەی جارانی ماوەو نە مام زۆرابیش سۆراغی ماوە

* * *

خۆزگەم بە جاران ، کەمێك یاری بوو
لە سەدان کۆڵان جاران یاری بوو
ئێستاش کۆڵانێك نیە بۆ یاری
هەرکەس دەبینی باس دەکا یاری .

* * *

هەموو پایزانێك بە شێتیان دەدا لە قەڵەم . . . کە مردیش ئینجا زانیان هەموو وەرزەکان – با – دەخوێنێتەوە . . . جەنەراڵی پایز .

* * *

هەموو ڕۆژێك كار بۆ ئەوە دەكەم چۆن بتوانم ئێسكم سوك تر كەم . . . كەچی تێ ناگەم ئەو خەڵكە چۆن تاقەتیان هەیە عەبوس بن .

* * *

سەنگی مرۆڤـ بون بەهای ژیانە
مانا بۆ ژیان حوكمی ویژدانە . .
هەر كەسێ نەبوو سەنگی بۆ ژیان
ویژدانی نیە لە دوای ژیانە .

* * *

لێرە بەهۆی نەزانەكانەوە خەریكە شریتی عومری جوانی بەبا دەڕوات . . . سینەما .

* * *

هەرگیز ماندو نابێ بێ هیوا نیەو هەزاران كیلۆمەتر دەبڕێ لەپێناو هیوادا . . . هیوا .

* * *

ئازادی کاتێك هەست پێدەکریٚ کە تامەزرۆیی دڵ تێیدا ڕەنگ بداتەوەو عەقڵیش بۆی هەزم بکرێت. . . ڕۆح تیایدا بۆ هەمیشە بفڕێت .

* * *

چەندە ئازارم دەدەن ئەو کڵۆ بەفرانەی کە وروژم دەبەنە سەر سینەی بیٚ بەرگی منداڵانی . . . سەرشەقام .

* * *

سیٚ بەشی مرۆڤایەتی لەپێناویدا عاشقێکی سەرسەختن
کەچی ئەو نە عاشقی کەس دەبێت و نە عاشق بە خۆشیەتی . . . . پارە .

* * *

شارێك لە تەم ، شەقامێك لە شەم ، ژیانیٚ لە جەم ، هەڵوێستێك لە دەم ، بڕوانە چۆن سلێمانی ئێستە بۆتە هاوخەم .

* * *

چەندە بێدەنگ و میهرەبانن کە ئێوارانی تەنهایم بە تامەزرۆوە پیاسەم لەگەڵدا دەکەن . . . پاڵەوانی . . . چیرۆکەکانم .

* * *

چارەنوس گەر پێنوسی هەبوایە ئەوا هەموو چرکەیەك بە ویستی خۆم و دڵسۆزانم دەم نوسیەوە بەڵام ئەفسوس کە پێنوس نیەتی . . . چارەنوس .

* * *

کلو . . کلو . . بەفرە بارێ

لە جوانی خۆی بۆ بینینمان

لە نەرمی خۆی . . . تێك ئاڵاوە

زیکری ئەوە هەوێنی ڕۆحی سپیمان

حاڵی ئێمە تا نەبینرێ سپی سەرمان

بە دیداری سپی سەرمان

دەبارێتە سیای سەرتان

* * *

هەموو ڕۆژێ لەناو لەپی دەستەکانمدا کەمێك خۆر دەشارمەوە بۆ ئەوەی بەشی ئێوارانی سەر شەقامەکەم بکات کە پیایدا گوزەر دەکەم ، کاتێکیش دەبینم چاوی ڕێبواران خۆری تێدا نەماوە جگە لە چاوی من بە خۆم دەڵێم کەوایە تەنها منم لەو شەقامە هەرگیز . . . ئاوا نابم .

* * *

هەموو ئێوارەیەك بە ناچاری ڕێ دەکەم و بەجێی دێڵم . . . باخی ژینم
کە ڕۆژیش دێ
ئاوا دەبێ و هەر زوو دەڕوا . . . باخی عومرم .

* * *

بە تامەزرۆوە بۆ ژیان پێدەکەنم و دەشگریم . . . بە گریانیشەوە بۆ ژیان پێدەکەنم و بۆشی ناگریم
هەر ئەوەشە لەگەڵ تامەزرۆکانمدا بۆ ژیان . . . نە دەگریم و نە پێش دەکەنم ، بەڵکو تێ دەفکرم تا تامەزرۆی ژیان بەدەس بێنم.

* * *

شارێك پڕ لە پاكی چەشنی ئاوی سازگار
شەقامێك سپی پۆش هەروەك لۆكە
دڵەكانیش نەرم و نیان چەشنی پاساری
من ئەم شارەو ئەم شەقامەو ڕێبوارانی
ئێستای ناڵێم . . . خەونێك بوو ئیدی
نایەتەوە سلێمانی جاران . . . ڕۆیی هەرگیز نایەتەوە

* * *

بارانی ئەوینە
لە بۆنی گوڵی دوای باران دەچێت
بارانی بۆنی خاكە . . . هەمیشە تامەزرۆیە بە بۆنی ئارامی ڕۆح
لەنێو تەڕایی . . . سەردا . . . هۆش

* * *

دوێنێ تێڕامانمان بۆ ژیان بە حزوری باران بوو
ئەمڕۆ سەیر كردنمان بۆ باران بە بێ حزوری ژیانە
كەوایە با بفەرمووین بەرەو دۆزەخ

* * *

نوسەر وتی . . چارلی چاپلن
بۆ دروست کردنی ، کۆمیدیا ، پێویستی بە شەقامێك و پۆلیسێك و ئافرەتێکی جوان هەبوو
منیش دەڵێم . . . ئێمەش بۆ دروست کردنی ، تراژیدیا ، خۆشەویستی و زەردەخەنەیەکی ناخ هەژێنمان پێویستە تا لە خۆڕا نەگرین .

* * *

گەمژەکان
با شترین وانەی ژیانن تا ئەوانی تر لێیانەوە فێربن . . .
بۆ ئەوەی گەمژە نەبن

* * *

چ نەزانێکە . . . باسی زانینی خۆیت بۆ دەکات کەچی نەزانە
چەندە زانایە باسی نەزانینی خۆیت بۆ دەکات کەچی زانایە .

* * *

بۆ هاوڕێ مەگەڕێ دەستت ناکەوێ
"کتێب" بکە بە هاوڕێت فێری هەموو وانەکانی ژیانت دەکات
باشترین هاوڕێیەو بە ئاسانی دەستت دەکەوێ

* * *

ئاساییە دەریا ئاوی تێدا نەمێنێ
گوڵ و باخچەکان ببنە خۆڵ
دونیا ببێتە وێرانە
تەنها هەقیقەت وون نەکرێ . . . هەقیقەت

* * *

هیچ یاساو ڕێسایەك بەقەد خۆت کاریگەری نیە بۆ پەروەردە کردنی خۆت
تا بە جوانی پەروەردەی کەی خۆت گەر بتەوێت . . . خۆت

* * *

هەمومان هاوڕاین لەسەر سەختی ژیانمان
کەچی زیاتر هەنگاومان بەرەو سەختی ڕێگامان
ڕێگە نادەین باشتری بکەین دۆخمان
تەنها خراپی دەکەین ژینمان
بۆیە بووین بە عیلەت بۆ خۆمان

* * *

مرۆڤ
کە هەڵەیەك دەکات
گەر بە خێرایی دان بنێ بە هەڵەکەیدا ،
لە گەمژەیی دەردەچێت و بە هەڵە بۆی نانوسرێ ،

* * *

دەنگۆی قوربانە بەقوربان
تۆ دەزانیت قوربانیە
قوڕپیێوانی ئەو عالەمە
بۆ خەوتنیان قوربانیە
سەربڕینە بۆ قوربانی
چەندین ئاژەڵی قوربانی
وەك هەمیشە تێركەن ورگیان
تا هەمیشە ببنە قوربانی

* * *

ئێمەی ئادەمیزاد مەتەڵێكین
هەرگیز خۆمان بۆ هەڵنایەت
تەنها بەیەك شێوە نەبێ
كە بیسەلمێنین . . . مرۆڤین

* * *

لەوديو پەنجەرەی خۆشەويستانەوە هەميشە ژيان دەسازێت
ئەويندارەكان بە چاوی دڵيان دەيبينن
بۆيە هەميشە ڕەنگ لە چاوەكانيانەوە هەروەك باران دەبارێت

* * *

وتيان بۆچی حەز دەكەيت بەردەوام تەنها بيت
وتم بۆ ئەوەی بەردەوام تەنها نەبم
وتيان تۆ هەر خۆتيت چۆن تەنها نيت
وتم خۆمی تەنها ، قەد ناهێڵێ ، من تەنها بم

* * *

بەرەو ئاسۆ . . ئەزموون . . باوكی هەنگاوەكانە
گومان كردن لە خۆشت بۆ هەميشە دايكيەتی

* * *

گەورەترین فەرهەنگ بۆ لەدەست نەدانی ئەرشیف خۆشەویستیە
بەداخەوە زۆربەمان ئەو گەنجینەیەمان نەپاراستووە
بۆیە ولات پڕبووە لە فەرهەنگی . . .شەڕە جنێو

* * *

ئازادی ڕەهای مرۆڤـ ئەزمونی خۆناسینیەتی
تا ئەو ڕوناکیەی کە لە بونیادیدا
وەك خۆر دەدرەوشێتەوە بیدات بە خەلکانی تر

* * *

وێنەی هەلواسراوی مردووی جاران
لەنێو چوارچێوەو شوشەدا
هەرگیز کال نابێتەوە
ئەوانەشی وێنە دەگرن و ئێستە
زیندوون ڕۆژێك دواتر کالدەبنەوە
چونکە لەم ولاتەدا بونی نەماوەو مردووە . . ڕۆح

* * *

هەموو ڕێگاکانی دونیا ببڕی ناگەیتە کۆتایی
تەنها ڕێگای بەرزەخ نەبێ
کەوایە تا لە ژیاندایت بە جوانی بەڕێگادا بڕۆ . . .

* * *

شتێك نیە بە ناوی ژیانەوە لێرە . . . ئەوەی کەهەیە تەنها ڕقە . .ڕق
شەوان بۆ ڕوناکی دەگەڕێین بە ڕۆژیش لە ڕوناکیدا
گەڕان بەدوای ڕق لێبونەوەدا

* * *

پیاوی شکۆمەند
هەرگیز نابێ دڵی ژنێکی شکۆمەند بخاتە پەراوێزی ژیانەوە
گەر ئەمە ڕووبدات بە واتای سروشت و جوانی لە پەراوێزدان

* * *

مرۆڤـ بۆ ئەوەی ئازارەکانی هەڵنەداتەوە
نابێ بیر لە شتی بزربوو بکاتەوە
چونکە بەنرخترین شت خۆیەتی کە هیچ کات بزر نەبێت

* * *

بینینی سروشتی ساقی تەنها لە شوشەی بادەدایە
سروشتی بادە خۆر لە بێهۆشی عەقڵی دایە
ژوانی عاشقانیش لەنێو شێتی خۆیاندایە
سروشت خەتا دەکات دێوانە نەبێت بۆ ئەویندارانی

* * *

سەری بەرزەو
تامەزرۆ باوەشی کردۆتەوە بۆ ئاسمان
تا ڕوخسەت لە پەلکەزێڕینە وەربگرێت
وردە باران بێنێتە سەر زەوی . . . گوڵ

* * *

مرۆڤـ
گەر غیرەتی ئەوەی نەبێ بە جەوهەر بێت
لانی کەم دەتوانێ . . . بێزارکەر نەبێت

* * *

لەم ولاتەدا
حەبی پاراسیتۆڵ لە میوە زیاتر دەخورێت
چونکە زۆربەمان سەرئێشەین بە دەوری یەکتریەوە

* * *

مرۆڤەکان هەندێ نهێنی تایبەتیان هەیە
تەنانەت لای خۆشیان نابێ بیدرکێنن
کەچی لای یەکتری ئاشکرای دەکەن
بۆیە لە ئێستادا متمانە نەماوە

* * *

هیچ کات مەرگ لە ژیان باشتر نەبووە کەچی زۆر جار نیگەرانیت
دەگاتە ڕادەیەك مەرگ بە ئاوات دەخوازیت بۆ ئەوەی بژیت

* * *

ڕەواجی بۆن لە بازاڕی عەتر فرۆشاندا نەماوە
چونکە زۆربەی خەڵکی بۆنی مرۆڤ بونیان لێ نایەت
تاوەکو بگات بە بەهای بۆن خۆشی عەترێك

* * *

تاوانی ئاسمان
ئەو کاتەیە کە هەورە بروسکە دەکات
تاوانی باران کە لێزمە دەکات
تاوانی شەو کە رۆژمان لێوەردەگرێتەوە
تاوانی مرۆڤێك کە لە هەموو ئەمانە کارەسات بارترە
بێ وەفایی و خۆبەزل زانیەتی

* * *

لەبەردەم هەندێك لە هاوڕێکانمان
بە بزمار کێوێك بڕوخێنین بڕوامان پێ ناکەن
چونکە ئیرەیی هەمیشە بەرچاوی گرتوون

* * *

نیشتمان هێزی تێدا نەماوە
بۆیە ناتوانێ خۆفرۆشەکان لەسەر بونی خۆی بسڕێتەوە

* * *

لەنێو ئاسمانی هەژاراندا
بە لێزمە باران دادەکات
لە بەدبەختی ئەوانەیە
هەمیشە بایەکی توند هەڵدەکات
هەموو تکەی ئەو بارانە
بە ئاراستەیەکی تردا دەبات

* * *

ئای لە دڵ لە تەنهایدا بۆ وا دەکا دڵ
ئای لە دڵ لە خۆیدا بەناڕێکی لێدەدا دڵ
ئاوا بڕوا داوای گڵ دەکا دڵ
بۆ چیمە دڵ . . . گەر تەنها بێو هەروا بکا . . . دڵ

* * *

بێ مێشکی خۆتە بۆ خۆت دەبیتە بەربەست
بۆیە هەرگیز خۆت نابیت و ناگەیتە مەبەست

* * *

باڵندەی ئازاد
بە بەرزی بۆ ئاسمان دەفڕێت
تا ئەوەی ئازادی خۆی ببینێ
مرۆڤی نائازادیش بە نزمی لەسەر زەوی هاتوچۆ دەکات
تا ئەوەی ئازادی لە خۆی وەربگرێتەوە

* * *

عاقیبەت
گولْ بەسەر خۆمدا دەکەم
ناوەستم بەرگری لیْ دەکەم
تاوەکو بەدەستی دیْنم ئاواتەکەم
ئاشکرایە مەبەستم . . . نوسین و هونەرەکەم

* * *

گەر دەتەویْت
بۆ هەمیشە مانگی تابان بیْت بۆ بینینت
فەرامۆشی مەکە بینایی چاوت
وا جوانترە هەموو شەویْ
دلْت بەجیْ بهیْلْیت بە ڕونی تا بەیانی لەلای . . . مانگت

* * *

مرۆڤــی بێ وەفا بێ ڕۆحەو
کەس ناناسێ و دەردەسەریە بۆ هەموان
هەرچی کاشیفەی دونیایە بیهێنی نادۆزرێتەوە . . .
چونکە ڕۆحی چووە بە ناخی زەویدا

* * *

ڕۆشنایی دەدا
چەشنی شەونم گەردن کەچ دەکات
گڵۆپی بەدیوار هەڵواسراوی کۆڵانەکان
لەپێناو هاتوچۆکەرانیدا
کەچی بێ مروەتن ڕێبوارەکان
بە ڕۆژ یادی ناکەنەوە
کە ئێوارەش دادێ هەمان ڕۆشنایی

* * *

ئەی مرۆڤـ . . .
بەو چاوە بچوکەتەوە هەموو ئەو کێوانە دەبینی
کەچی بەو عەقڵە گەورەتەوە ڕاستیەکان نابینی

* * *

وەك لەیل و مەجنون بە
هەموو ژینیان لەپێناو عیشقدا دانا . . .
دواجاریش وەك دوو گەڵای پایزە هەڵوەرین و
بەیەك نەگەیشتن بەڵام گەیشتن بە نەمری

* * *

توڕەم مەکەن
ئەی نازانن کە توڕەبم . . . شیوەن دەگێڕم
لە پرسەی خەمەکانمدا بۆ خۆم
لە شادی خۆشیەکانتانا ڕاوەستاو تا ئەوپەڕی بێدەنگیم

* * *

خاك و خۆڵێکی مردو . .

خەڵکەکەشی سەرقاڵی مەرگ

هەردەبێ بەدوای ژیاندا بگەڕێین

ئەی هاوار بەحاڵت ژیان

وا بڕوات دەست ناکەوێ . . . زیندوویەتی

* * *

جاران کۆلکە خوێنەوارەکان

زۆریان لە خۆیان دەکرد لەیەکەوە تا ژمارە دەیان دەزانی

ئێستاش کۆلکە هونەرمەندەکان زۆر لە خۆیان دەکەن لە هیچەوە تا ژمارە سفر دەزانن

بۆیە یەکسانن بە .........هیچ و هیچیش لە هونەر نازانن .

* * *

نائومێدی . . . بەردەوامی مرۆڤەکان

هەنگاوی سەرکەوتنە بۆ داهاتوویان

* * *

ئاخ . . . ژیان

خەمی گەورەی تۆ ئەوەیە ئێمە بژین

هەنگاوی بچوکی ئێمەش ئەوەیە تۆ نەژیت

* * *

مرۆڤی گێل

باران تەڕی ناکات . . .

لەژێر چەتری ئەوانی کەدا

بە تەواوی تەڕ دەبێ تا ڕادەی خوساندن

* * *

داغ بۆ ژیان

ژین بە ئاسانی خۆی کردۆتە خەڵات بۆ . . . هەموان

کەچی ئێوەو ئەوان . . . بە گران دەیفرۆشنەوە بە خەڵکی . . . ویژدان

* * *

ئیدی ئاوایە
هەر کەس لە ئاوایدا بەبێ هۆ ئاوابێ . .
هەردەم خۆری ئاوا دەبێ و
مانگیشی ئاوا

* * *

بە عیشقەوە دێتە خوارێ لە ئاسمان . . .
تینویەتی زەوی دەشکێنێ . . . نمەی باران
بە ڕقەوە دێتە خوارێ لە ڕوخسار
زەوی تینوتر دەکا ئارەقەی
شەرمەندەی . . خۆ فرۆشان

* * *

یەکێك لە سیفاتە بوێریەکانی مرۆڤـ ئەوەیە
بڕوای بەشتێك پتەو بێتو بەردەوام بێ
تەنانەت هەموو هێزی دونیاش بەرەنگاری بکەن و
بە هەڵەی بزانن بەڵام ئەم هەر خۆی بە ڕاست بزانێت
ئەمەیە یاسای بیروباوەری مرۆڤـ

* * *

گەمژانە دڵخۆش بیتو هۆکارەکەی نەزانی
چنینەوەی  غەمباریتە
ژیرانە غەمبار بیتو هۆکارەکەی بزانیت چنینەوەی . . . ئارامیتە

* * *

زۆر قورسە
نیشتمانەکەت بە بەرچاوتەوە داگیر بکەن دەسەڵاتت نەبێ بەرگری لێبکەیت
لەوە قورستر هاوڕێیەکی ڕۆحیت بەبەرچاوتەوە لەدوا هەناسەی مەرگدا بێ و
دەسەڵاتت نەبێ کارێکی بۆ بکەیت بەڕای من مەرگی کتوپڕت ئارامترینە بۆ
ئەوەی ئەو دوو دۆخە نەبینی .

* * *

گوڵ بە جوانی و بۆنخۆشیەکەی مرۆڤ سەرسام دەکات کەچی لە ماوەیەکی کورتا
هەڵدەوەرێ . . .
کەچی تۆی مرۆڤ درك ئاسا بۆ مانەوەت هەموو هەوڵێك دەدەیت بۆ نەمانی
ئەوانی تر حەیف کە زوو ناوەرێیت

* * *

**هەمووان سەرنشینین بۆ سەری شینمان**

**ئای کە سەرسەرین بۆ یەکتری تا لەناوی بەرین سەری شینمان**

* * *

**ناکەسن ئەوانەی چەشنی دڕك و داڵن . . بێ سودن . . هەمیشە نەبوون**

**دەگمەنن ئەوانەی چەشنی گوڵە گەنمن . . . سمبولن هەمیشە هەبوون . .**

* * *

**لەم جیهانە پڕ ڕووناکیەدا تەنها ئێمەین سەرقاڵین بە . . . . .تاریکیەوە**

* * *

**مارتین لۆسەر کینگ . . .**

**جەهەنەمی کڕیەوە**

**بۆ ئەوەی خەڵکی پارە نەدەن بۆ کڕینی بەهەشت . . .**

**ئێمەش بەهەشتمان کڕیوەتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی جەهەنەمی پێ گەرمتر بکەین**

* * *

لەبێ دەنگان بێدەنگی تر

لە ئارامیت ئارامیتر

لە باس و خواس بێ باس و خواس

لەبێ خەبەر خەبەردارتر

ماڵەکەشت بۆ گشت مەردووم

من تۆ دەڵێم ئەی گۆڕستان

ساباتی ئەبەدی هەمووان

کەس حەز بە دیدارت ناکا

من و تامەزرۆیی نەبێ

لەناو تۆدا هەمیشە ئارام

* * *

چ ئازارێکی سەختە ئەوەی دەتەوێ بیبینی تا کۆتایی ژیانت نایبینی چونکە لێرە نیە . . . زۆریش هەن لە پاڵ تایە زۆر تامەزرۆی بینینی کەچی نایبینی. .

چونکە لێرەیە

* * *

تەواوی ئازادی دونیات بدەنیٚ بۆ ئازاد بونت
گەر لە خۆتا ئازاد نەبیت
هەرگیز ئازاد نابیت

* * *

تۆ . . . هەوری ڕەش دەبینی
من . . . باران
تۆ . . . گومان و شك دەبینی
من . . . خۆشەویستی
تۆ . . . خۆپەرستی دەبینی
من . . . خودا پەرستی
ئەم چیرۆکە هەرگیز تەواو نابیٚ
تۆ زەلام و . . . من مرۆڤـ

* * *

هەموو چرکاندنی وێنەیەك
یادەوەریەکی جوانە لە ساتی خۆیدا
هەموو تێ ڕامانێکیش بۆ ئەو
وێنەیەی کە گرتومانە
بیرکردنێکی تاڵە
چونکە تەمەنی بردووە لەگەڵ خۆیدا

* * *

ئەوانەی واتای خۆشەویستی نازانن
تەنها ئەو کاتانە بیریان دەکەوێتەوە دڵیان هەیە
کە توشی دڵە کوتە دەبن

* * *

هیچ ئامانجێکت نیە لە ژیاندا
کەچی گەشبین و دڵخۆش دیاری . . .
ئەی نازانی خۆت هەڵدەخڵەتێنی گەوجی
بۆیە هەمیشە نادیاری
* * *

تەواوی زەردەخەنەکانی دونیام بدەنیٚ
بێتاقەتی و تەنهایی ڕۆژ و شەوم ساڕێژ ناکات . . .
ئا ئەوە چیم وت . . . باسی پێکەنینم کرد نانا هیچم نەوت
چونکە هەر گریان دەناسم

* * *

هەر کارێك کە ئەنجامی دەدەیت
گەر شکستی خۆتت ڕاگەیاند
ئەوا باش بزانە هەنگاوت بەرەو سەرکەوتن ناوە

* * *

هەموو مرۆڤێك وەك خۆی یەکسانە بەیەك
بەناهەق خۆی دەکات بە سفر

* * *

قارەمانەکان بۆ بەرگری لە خاك هەمیشە لەبەرەی پێشەوەی جەنگەکاندان
ترسنۆکەکانیش سەرقاڵی تاوڵە و دۆمینەن
هاوار دەکەن . . . تف لەم خاکە . . . وەرە زارێکی تێدا نەدۆزیتەوە.

* * *

کەسانێك دەبینم دەمێکە بۆگەنی کردووە زمانیان
کەچی لاڤ پاکی لیٚ دەدەن دەمامکە ڕووخساریان
زۆر بە ئاسانی لە تاریکیدا فوو دەکەم لە قسەکانیان
بۆ ئەوەی لە ڕۆشناییدا ببینم بووەتە چ کەلاوەیەك ناودەمیان

* * *

گەر عیشقت زاڵ کرد بەسەر خۆتا
ئیدی هیچ هەڵەیەك ناکەیت شایەنی باس کردن بیٚ . . .
تەنها باسی عیشق نەبیٚ

* * *

هەژارەکان . . . دەوڵەمەندەکان دەناسن
دەوڵەمەندەکان . . . . هەژارەکان ناناسن
خۆزگە پێچەوانەکەی ڕاست دەبوو . . .
ئیدی ژیان دەستی پێدەکرد

* * *

هەر وەفایە لە وەفای تۆ
ژیانی تۆ جوانتر دەکات
گەر نەتبێ وەفا لە وەفای خۆت
نایبێ وەفا . . . ژیان بۆ تۆ

* * *

سلێمانی بەبێ بونت سەرهەڵ گرتو بابایەکی هەر گەڕۆکین
وەک هارومار لەنێو خانەی بێ تۆیدا تراژیدیاو پڕ چیرۆکین
ئەرخەیان بە ڕوو وەرگێڕین زۆربێ ئەمەک و سەرەڕۆین
هەبونی جەماڵیشت ون کەین شەرمە بەناو دڵتا بڕۆین
گەرتۆ نەبی لەگێژاوی مەرگە ساتا خاکە
ساردین
بەخوا قەسەم لە هەبونتا دڵخۆشین و کۆڵێک
شادین
لەڕیتمی ئاوازی مۆزیک وەکو هۆزان بویتەتە تۆماری دەنگمان
دەی سەلمێنین بەتەنها تۆی پڕبەهەییەت شاری شاران
سەرگوزشتەو حیکایەت خوان لانەی شێرو پیاوماقوڵان
شاری ئەدیب و شاعیران گۆشەی خانەقای پیاوچاکان
ناوت شانامەو داستانە هەرخۆت ماویت لەنێو یاران
سینۆگرافیاو ڕۆمانیت هەزاران نۆڤلێتی زۆر جوان
ڕستەی پەرتوکەکانیت و گەنجینە بۆ
داهاتومان
، فرمێسک و ئەسرینی ئێمە وەک شەونمی چاوی دایکان
بۆتە پەرۆشی و ناڵەمان کڵپە دەستێنێ لە دەرونمان
نزادەکەین تۆهەرجوان بی شارە حەیاتەکەی شاران
هەناسەمان هەربۆ تۆیە وەکو نەوەو تیرەی بابان
هەر بمێنی سلێمانی زیاتر لە ئاوازی
جاران



نووسەر لە چەند دێڕێکدا /

- ناوی چواری : ئازاد اکرم علی محمد رشید
- نازناو : ئازاد پێنجوینی .
- لەدایکبووی : ١٩٧١ .
- ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندان لە سەرەتای دروست بوونیەوە
- ئەندامی : تیپی پێشڕەوی شانوی کوردی . لە ساڵی ١٩٩٧ وە
- ٢٦ ساڵە بێ دابڕان کاری نواندن و نووسین و سیناریۆ ئەنجام ئەدەم .
- وەك نوسین و دیداری هونەرمەندان لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا کارم کردووە .
- زیاتر لە ٣٠ فیلمی درێژو کورت وەك ئەکتەر بەژداریم کردووە کە زۆربەیان ڕۆڵی سەرەکیم تیا بینیوە .
- یەکەم کاری ئەدەبیم وەکو کتێب : ( ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن /١ ) ، ( ویستگەی نەمری ) ، ( نیشتمانی من لە کوێ یە ) ، (ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن /٢ ) ، (وەرزی پێنجەمی پیاوێکی باراناوی ) .